# ئامانجی ژیان



# The Purpose Of Life

DR ZAKIR NAIK

زاكير نايك    و:وريا عمر على




Scanned by CamScanner

٥٨

# ئامانجی ژیان

نووسەر: دکتۆر زاکیرنایک
وەرگێڕ: وریا عمر علی

١٤٣٨ کۆچی ------------- ٢٠١٧ زاینی

Scanned by CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم


- ناوی کتێب: نامانجی ژیان
- نووسەر: زاكم نایك
- وەرگێڕ: وریا عمر علی
- ناوی زنجیرە : بابەتە فیكرییەكان - ژمارە ( ٣٣ )
- تیراژ : ١٠٠٠
- نۆرەی چاپ: یەكەم - ٢٠١٧
- دیزاین: ناوەندی ڕێنوێن
- قەبارە : ١٤×٢١

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی

سپاردنی ( ١١٤٠ )ی ساڵی ( ٢٠١٧ ) پێ دراوە



سەرجەم مافەكانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن ©

ڕێنوێن ڕێگە نادات بەبێ ڕێكەوتن و مۆڵەتی ڕێگە پێدان ئەم بەرهەمە بڵاوبكرێتەوە

جا بە لەچاپدانەوە و كۆپیكردنی بێت یا بەهەر شێوازێك تر

بۆیە ڕێنوێن بەمافی خۆی دەزانێت سەرپێچیكاریش ڕووبەڕووی سزای یاسایی بكاتەوە



ناوەندی ڕێنوێن : ٠٧٥١١٤٠٨٨٦٨ - ٠٧٥٠١٢٦٩٦٨٩ - ٠٧٧٠١٩٢٣٧٤٩

Renwen٢٠٠٩@yahoo.com



Scanned by CamScanner

# پێشەکی

الحمد لله حق حمده، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده، وعلى آله وصحبه أجمعين، وعلى من اتبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا هەنووکە مرۆڤ وەك کائینێك کە ئیرادەیەکی ئازادی هەیە، شەیدا و خولیایی پرسیار گەلێکە تا بزانێت وجودییەت و ماهیەتی خودی خۆی چییە و لە کوێ وە هاتووە و بۆکوێ ئەڕوات، ئەمەش لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بە پرسیارە فەلسەفییەکان ناسراون، کە مرۆڤ ئەیەوێت لە ڕێگایەوە ئامانج و مەبەستەکانی ژیان و زیندەگی کردنی تێدا بخاتە ڕوو.

خوێنەری ئازیز لەم بەرهەمەی "ناوەندی ڕێنوێن"دا لە نوسینی زاکیر نایك"، لە ژێر ناونیشانی "ئامانجی ژیان" کە برای بەڕێزمان مامۆستا "وریا" کوردوییە بە کوردی تاوەکو لە دوتوێی زنجیرەکانی تری هەگبەی زاکیر نایك خزمەت بە هەوادار و خوێنەرانی ئەو بانگخوازە جیهانییە بکات .



Scanned by CamScanner

خوێنەری خۆشەویست هـەر وەك زۆربـەی بابەتـەكانی تـری ئـەم زنجیرەیە "زاكیر نایك" زۆر واقعیانە بەڵگە بۆ قسەكانی ئەهێنێتەوە بەوە كە ئیسلام زۆر بـە ڕوونـی و جـوانی ڕەهەنـدەكانی ژیانی بۆ ئینسانەكان بـاس كـردووە، ئـەوەی جێـی داخ و پەژارەیـەكی زۆرە مامەڵـە كردنـی زۆرێـك لـە موسـوڵمانانی ئەمڕۆمانـە كـە كارەكـانی ڕۆژانـەو، ژیانیـان لـە بـێ ئامانجیـدا هـەڵ ئەسـوڕێنن، لـە كاتێكدا ئاینەكەمان لە چەندین ئایەتدا ئـەوەمان بـۆ ڕوون ئەكاتـەوە كـە تـا چەند پێویستە كە تاكی ئیماندار چـەند وابەسـتە بێـت بـە ئامـانجی دروستەوە بۆ بـەڕێكردنی ئـەو مـاوە زەمەنییـەی كـە خـوای گـەورە بۆی داناوە.

لـەوەش كێشـە تـر ئەوەیـە كـە هەنـدێك بابـای تـری موسـوڵمان ئامانج و هۆكارەكانی ژیانیان تێكەڵ كردووە، ئامانجەكانیان كردۆتە هۆكار و هۆكارەكانیان لـێ بۆتـە ئامـانج كـە ئەمـەش پـەنا بـە خوا زەرەمەندی دونیاو دواڕۆژی بەدواوەیە .

ناوەندی ڕێنوێن

# ئامانجی ژیان

ئایا چەند کەس لە ئێمە لە ژیانماندا بیرمان لەوە کردووەتەوە ئامانجمان چیە لەم ژیانەدا؟ مەبەست چیە لە بوونی ئێمە؟ ئێمە چی دەکەین لێرە؟ بۆچی لێرەین؟

ئایا دەبێت بزانین ئامانجمان چیە لە ژیانماندا؟

با نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە: جارێکیان گەشتیارێك لەکاتی گەشتکردندا گەیشتە دووڕیانێك، پرسیاری لە ڕێبوارێك کرد: ئەم ڕێگە بۆ کوێ دەچێت؟ ڕێبوارەکەش لێی پرسی: تۆ دەتەوێت بۆ کوێ بچیت؟ گەشتیارەکە وتی: هەرکوێیەك بێت. ڕێبوارەکە وتی: کەواتە لەهەر ڕێگەیەکیانەوە بڕۆیت جیاوازی نیە.

بیر لە گەشتیارێك بکەرەوە هیچ ئامانجێکی نەبووبێت، هەرچیەکی کردبێت، هەر کردەوەیەکی ئەنجام دابێت هیچ جیاوازی نیە چونکە ئەو ویستویەتی بۆ شوێنێك بڕوات، هەرکوێیەك بێت.

زۆرێك لە ئێمەش بەم شێوەیە ژیان بەسەر دەبەین! با نمونەیەکی



Scanned by CamScanner

دیکەت بۆ بهێنمەوە: وایدانێ وەستایەک دەستدەکات بە دروستکردنی بینایەک و بنچینەکەی دادەنێت. کاتێک لێی بپرسیت: بینایەکی چەند نهۆمی دروست دەکەیت؟ دەڵێت: نازانم!

ئەگەر دیسان لێی بپرسیت: ڕووبەری بیناکەت چەند دەبێت؟ دەڵێت: بیرم لێ نەکردووەتەوە!

وەستاکە هیچ ئامانجێکی نیە! جارێک کابرایەک بە دراوسێکەی ووت: هەمیشە سەگەکەت شوێن ئۆتۆمبێل دەکەوێت، بیرلەوە دەکەمەوە ئایا سەگەکەت تائێستا هیچ ئۆتۆمبێلێکی گرتووەتەوە؟ دراوسێکەی وەڵامی دایەوە: من بیرلەوە ناکەمەوە ئایا سەگەکەم ئۆتۆمبێل دەگرێتەوە یان نا، من بیرلەوە دەکەمەوە ئایا سەگەکەم دوای ئۆتۆمبێلێک کەوت و گرتیەوە چی لێ دەکات؟

ئەو پیاوەی کە پرسیاری کرد کەسێکی کورت بینە، بەڵام خاوەنی سەگەکە کەسێکی دوور بینە، بیرلەوەدەکاتەوە ئەگەر سەگەکەی ئۆتۆمبێلێک بگرێتەوە چی لێ دەکات؟ مەبەستی چیە لە ڕاکردن بەشوێن ئۆتۆمبێلدا؟ بەداخەوە زۆرێک لە ئێمە بەهەمان

شێوە دەژین، ڕێك وەك ئەو سەگە! دەبینیت خوێندکار زانکۆ تەواو دەکات، ئەگەر لێی بپرسیت بۆچی زانکۆت تـەواوکرد؟ هۆکارەکـەی نازانێت، دەڵێت: لەبەرئەوەی دەبێت تەواوی بکـەین! لێـی بپرسـە: لـەدوای دەرچـوونت چـی دەکـەیت؟ دەڵێـت: هێشـتا بـیرم لـێ نەکردووەتەوە!

زۆربەمان وەك ئـەو گەشـتیارە یـان وەك ئـەو سـەگە دەژیـن کـە شوێن ئۆتۆمبێل دەکەوێت بـەبێ هـیچ مەبەسـتێك. زۆربـەمان بـەبێ وردبوونـەوە ئامـانجی کەسـانی تـر کـۆپی دەکـەین. ئەگـەر لـە قوتابیەك بپرسیت: بۆچی پشێووی دەنێیتەوە؟

دەڵێـت: چـونکە هاوڕێکـانم پشـێووی دەنێنـەوە. گـەلێك کـەس لاسایی هونەرمەندەکان دەکەنەوە بەبێ ئەوەی بزانن چـی دەکـەن. جارێکیان کەسێك لە گوندێکەوە هات بۆ مۆمبـای تـاوەکو ببێـت بـە ملیۆنێر. کاتێك لێیان پرسی: بۆچی هاتوویت بـۆ مۆمبـای؟ وەڵامـی دایەوە: لە فیلمێکـی هیندیـدا ئـەمیتاب باچـانم بینیـوە هـەژاربووە، کاتێك هاتووە بۆ مۆمبای لە یەك شەودا بووە بە ملیۆنێر.

هەندێکجار دەبینین ئەکتەرێك یان نمایشکارێك کالآیەکی دیاریکراو بەکاردەهێنێت یان بانگەشەی بۆ دەکات.

جارێك کەسێك ئۆتۆمبێلێکی نوێی لە جۆری (هایۆندای ئای ١٠) کڕی، لێیان پرسی: بۆ چی ئەم ئۆتۆمبێلەت کڕی؟ وتی: چونکە من هەواداری شارۆخانم، شارۆخان ئۆتۆمبێلی (هایۆندای ئای ١٠) هەیە.

من دڵنیام شارۆخان لە ڕیکلامدا نەبێت سواری ئۆتۆمبێلی (هایۆندای ئای ١٠) نەبووە. لەوانەیە ئۆتۆمبێلی (مێرسیدس) یان (بی ئێم دەبلیو) یان شتێ لەو بابەتەی هەبێت، بەلآم من گومانم هەیە لەوەی (هایۆندای ئای ١٠) ی هەبێت.

وەك دەزانیت شارۆخان بانگەشەی بۆ کاتژمێری (تاگ هیۆر) دەکرد، دەبینین زۆرێك لە هەوادارانی کاتژمێری (تاگ هیۆر) یان کڕیوە. من دەپرسم ئەم کاتژمێرە چ ڕۆڵێکی هەیە لە توانایی هونەری شارۆخاندا؟ ئایا هەرگیز ئەم کاتژمێرە بەنرخە یارمەتی داوە لە کاری نواندندا؟ من گومانم هەیە لەوەی ئەو ئەم کاتژمێرەی



Scanned by CamScanner

پێش بەناوبانگ بوونی کڕی بێت. ئەمانە ڕێگای جۆراوجۆرن بۆ برەودان بە کالاّ بازرگانیەکان.

بەداخەوە ئێمەش کوێرانە دوای ئامانجی کەسانی تر دەکەوین بێ ئەوەی بزانین چی دەکەین. وایدانێ بازرگانێک کارگەیەکی ڕستن و چنین دادەنێت. کاتێك لێی بپرسین: بۆچی کارگەی ڕستن و چنین دادەنێیت؟ پێمان دەڵێت: بۆم دەرکەوتووە کارگەی ڕستن و چنین قازانجێکی زۆری هەیە. ئەگەر پرسیارێکی دیکەی لێ بکەین: ئایا لێکۆڵینەوەیەکی ڕوونت لەبەردەستدایە؟ دەڵێت: نەخێر. ئایا کەسێکت هەیە چاودێری پرۆژەکەت بکات؟ ئایا بەڕێوەبەری گشتیت هەیە؟ دەڵێت: نەخێر. ڕێژەی قازانجەکەت چەند دەبێت؟ دەڵێت: نازانم. ئەی لەکوێ مادەی خاوی بۆ دەکڕیت؟ دەڵێت: بیرم لێ نەکردووەتەوە. ئەی بەرهەمەکانت لەکوێ دەفرۆشیت؟ دەڵێت: نازانم. پێتوایە ئەم بازرگانە قازانج بکات لە پیشەسازی ڕستن و چنیندا؟



Scanned by CamScanner

وایدانێ کەسێك ئامانجی هەیە و دەیەوێت ببێت بە باشترین زانای جیهان. لێکۆڵینەوە دەکات لە ژیانی هەموو زاناکان لە یەکەم مرۆڤەوە تائێستا. لە دوای لێکۆڵینەوەکەی بۆی دەردەکەوێت باشترین زانای جیهان ئیسحاق نیوتن[1] بووە. دوای ئەوە دەیەوێت وەك ئیسحاق نیوتن بێت، قژی وەك نیوتن درێژ دەکات و پێلاوی وەك پێلاوەکانی نیوتن لەپێ دەکات و پۆشاکی وەك پۆشاکەکانی نیوتن دەپۆشێت. پێتوایە ببێت بە زانایەکی سەرکەوتوو؟ ئەم کەسانە ئامانجیان هەیە، بەلام پلانەکەیان هەڵەیە. پلانیان هەیە و لێکۆڵینەوە دەکەن بەلام پلانەکەیان هەڵەیە.

پرسیارە سەرەکیەکە ئەمەیە: "مەبەست لە ژیانی ئێمە چیە؟ مەبەست چیە لە بوونی ئێمە لەم جیهانەدا؟" پێتوایە چ کەسێك باشترین کەسە بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە؟ پێتوایە دکتۆر

---

١. زانای بەناوبانگی ئینگلیزی، ئیسحاق نیوتن لە بەرواری ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٦٤٢ لەدایك بووە و بە یەکێك لە کاریگەرترین زاناکان دادەنرێت بۆ هەموو سەردەمەکان، هەروەها یەکێکە لە کەسایەتیە گرنگەکانی شۆڕشی زانستی. لە زانستی بیرکاری و فیزیادا جێ دەستی دیارە. لە بەرواری ٢٠ی مارسی ١٧٢٦ دا کۆچی دوایی کردووە.

زاکیر نایکه؟ بێگومـان نـەخێر. پێتوایـە زانایـەك دەتوانێـت وەڵامـی ئەم پرسیارە بداتەوە؟ بەدڵنیاییەوە نـەخێر. پێتوایـە فەیلەسـوفێك دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە؟ بێگومان نەخێر.

ئەم پرسیارە لە دوو گۆشەنیگاوە وەڵام دەدرێتەوە:

یەکەم: گۆشەنیگای دروستکەر، واتە خوای گەورە.

دووەم: گۆشەنیگای دروستکراو، واتە مرۆڤ.



Scanned by CamScanner

# یەکەم: گۆشەنیگای خوای گەورە

بۆچی خوای گەورە مرۆڤی دروستکرد؟ چ شتێك وایکرد لە خوای پەروەردگار مرۆڤ دروست بکات؟

خوای گەورە لە سورەتی ( الغافر: ٥٧ ) دا دەفەرموێت:

﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾

واتــە: بەڕاســـتی دروســـتکردنی ئاسمانـــەکان و زەوی لـــە دروستکردنی خەڵکی زۆر گەورە و گرنگترە، بـەڵام زۆربـەی خـەڵکی ئەم ڕاستیانە تێناگەن و پەی پێ نابەن و نایزانن.

هەروەها بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە (بۆچـی خـوای گـەورە ئێمـەی دروسـت کـردووە؟) دەتـوانین بڵـێین: یـەکێك لـە نـاوە پیرۆزەکـانی خـوای گـەورە بریتیـە لـە (الخـالق) واتـە: دروسـتکەر، باشـترین دروستکەر.

خوای گەورە لە سورەتی ( المؤمنون: ١٤ ) دا دەفەرموێت:

﴿... فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ ﴿١٤﴾﴾

واتە: بەڕاستی خوای مەزن بەرز و پیرۆز و موبارەکە و چاکترین بەدیهێنەر و چاکترین دروستکارە.

ئەگەر دروستکەرێك هەبێت و ناوی (الخالق) بێت، کەواتە دەبێت دروستکراویشی هەبێت. ئەگەر دروستکراوی نەبێت پێی ناوترێت (دروستکەر). بۆ نمونە: ئەگەر بە کەسێك بڵێین (باشترین نوسەر)، ئاسایی خەڵکی دەپرسن بەرهەم و نوسراوەکانی کامانەن؟ چ کتێبێکی نوسیوە؟ چ وتارێکی نوسیوە؟

ئەگەر ئەم کەسە وتار و کتێب و نوسراوی هەبوو، کەواتە دەتوانین پێی بڵێین (باشترین نوسەر). بەهەمان شێوە، لەبەرئەوەی یەکێك لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە بریتیە لە (الخالق) کەواتە دەبێت دروستکراو و بەدیهێنراوی هەبێت. بەڵام ئەمە مانای وانیە کە خوای گەورە پێویستی بە دروستکراوەکانیەتی.



Scanned by CamScanner

خوای گەورە لە سورەتی ( الزمر:٦٢ ) دا دەفەرموێت:

﴿ اَللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ۝٦٢ ﴾

واتە: خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەر ئەویش سەرپەرشتیار و پارێزەری هەموو شتێکە.

خوای گەورە پێویستی بە دروستکراوەکانی نیە، بەڵکو دروستکراوەکانی پێویستیان بە خوایە. وشەی عەرەبی بۆ دروستکار بریتیە لە (خالق) وە بۆ دروستکراو بریتیە لە (خَلَق). (خَلَق) دەکرێت بە دوو بەشەوە.

یەکێك لە ماناکانی (خَلَق) بریتیە لە دروستکردنی شتێك لە شتێکی تر. بێجگە لە خوای گەورە، تەنانەت مرۆڤیش دەتوانێت شتێك لە شتێکی تر دروست بکات. بۆ نمونە: دارتاش دەتوانێت بە بەکارهێنانی تەختە و بزمار کورسی و مێز دروست بکات. بەڵام تەختە لە درەختێك بەرهەمهاتووە کە نە دارتاشەکە و نە هیچ مرۆڤێکی دیکە دروستیان نەکردووە، بەڵکو خوای گەورە دروستی کردووە. بزمارەکان لە کانزا دروستکراون و کانزاکەش لە بەرد

دەرهێنراوە کە ئەویش دروستکراوی خوای پەروەردگارە. کەواتە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ دروستیان دەکات پشت دەبەستێت بەو مادە سەرەتاییانەی کە خوای گەورە دروستی کردوون. بۆیە ئەم جۆرەی دروستکردن (دروستکردنی شتێك لە شتێکی تر) سنووردارە.

دروستکردنی تەواو و ڕاستەقینە بریتیە لە دروستکردنی شتێك لە نەبوون، کە هیچ کەسێك بێجگە لە خوای بالآدەست توانای ئەوەی نیە هیچ شتێك لە نەبوون دروست بکات.



Scanned by CamScanner

## دووەم: گۆشەنیگای مرۆڤ

خـــوای گـــەورە لـــە ســـورەتی ( الاعـــراف:١٧٢ – ١٧٣ ) دا دەفەرموێت:

﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾ أَوْ تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أَشْرَكَ ءَابَآؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّنۢ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿١٧٣﴾ ﴾

واتە: یادی ئەو کاتە بکەرەوە کـە پـەروەردگارت پشـتا و پشـتی نـەوەی ئـادەمی کـۆکردەوە ( لـە جیهـانی پـەنهان و شـاراوەدا و پەیمانی لێ وەرگرتن) و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانـەوە و پێی فەرموون: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ هەموو وتیان: نابێت تۆ خـــوای ئێمـــە نـــەبیت، بـــەڵێ شـــایەتیمان داوە (کـــە تـــۆ پەروەردگارمانیت)، ئەمەش بۆ ئـەوەی نـەوەکو لـە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن: بەڕاستی ئێمە لەمە بێ ئاگا بووین!



Scanned by CamScanner

یاخود نەوەك بڵێن: جا ئێمە چی بکەین، بەڕاستی باوباپیرانمان لەپێشدا هاوەڵیان بۆ خوا داناوە و ئێمەش نەوەیەك بوین دوای ئەوان هاتین و شوێنیان کەوتین، جا ئایا تۆ لەناومان دەبەیت بەهۆی ئەوەی کە پێشێلکەرانی حەق کردوویانە؟

خوای پەروەردگار لە سورەتی ( الذاريات: ٥٦ ) دا دەفەرموێت:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾

واتە: بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمان بەردارم بن.

وشەی (عبادة) لە وشەی (عَبد)ەوە هاتووە، واتە: کۆیلە یان بەندە. (عبادة) واتە: گوێڕایەڵی و ملکەچی. بەکورتی (عبادة) واتە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە. خوای گەورە هەر شتێکمان لێ داوابکات و گوێڕایەڵی بکەین پێیدەوترێت: (عبادة).

بۆ نمونە: خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات ملکەچی پێنج پایەکەی ئیسلام بین. کەواتە ئەگەر باوەڕمان بەیەکتاپەرستی هەبێت، ئەوە گوێڕایەڵییە، ئەوە (عبادة)ە. ئەگەر نوێژ بکەین و



Scanned by CamScanner

زەکات بدەین و بەڕۆژوو بین، ئەوە بەندایەتیمان بۆ خوا کردووە.

خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانمان پێدەکات یارمەتی دراوسێکانمان بدەین، ئەگەر دەستگیرۆیی دراوسێکانمان بکەین لەکاتی پێویستدا، ئەوە بەندایەتیمان بۆ خوا کردووە. ئەگەر خۆمان بەدووربگرین لەو شتانەی خوا فەرمانی کردووە لێی دووربین، ئەوە بەندایەتیمان بۆ خوا کردووە. ئەگەر خۆمان لە خواردنەوەی سەرخۆشکەر و خواردنی گۆشتی بەراز و گزی و دزی و درۆکردن بەدووربگرین ئەوە خواپەرستیمان ئەنجام داوە. هەموو کردەوەکانی مرۆڤ بە عیبادەت بۆی دەنوسرێت ئەگەر دوو مەرجی تێدابێت .

یەکەم: ئەگەر تەنها و تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا بێت.

دووەم: ئەگەر بەگوێرەی سونەت و بەوشێوەیە بێت کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەنجامی داوە. ئەگەر ئەم دوو مەرجە لە کردەوەکانتدا هەبێت، ئەوا کردەوەکانت بە خواپەرستی بۆ هەژمار دەکرێت.



Scanned by CamScanner

کاتێك ئامێرێك دەکڕیت، ڕێنمایی بەکارهێنانی لەگەڵدایە. ئەگەر مرۆڤ بە ئامێرێك بچوێنین، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە مرۆڤ ئاڵۆزترین ئامێرە لەسەر زەوی. پێتوانیە ئەم مرۆڤە ـ ئەم ئامێرە ـ پێویستی بە ڕێنمایی بەکارهێنانە؟ دوایین دەلیل و ڕێنمایی بۆ مرۆڤ قورئانی پیرۆزە. قورئان پێماندەڵێت چی بکەین و چی نەکەین.

خوای گەورە لە سورەتی ( النصر:٣ ) دا دەفەرموێت:

﴿ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابًۢا ﴿٣﴾ ﴾

واتە: ئەوسا ئیتر تۆ سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکە و داوای لێخۆشبوونی لێ بکە، چونکە بەڕاستی خوا زۆر چاوپۆشی دەکات و تۆبە وەرگرە.

هەندێك کەس لێم دەپرسن: بۆچی خوای گەورە دەیەوێت بیپەرستین؟ ئایا پێویستی بە پەرستشی ئێمەیە؟ بۆچی دەیەوێت ستایشی بکەین بە وتنی الله أکبر؟ ئایا خوای گەورە تامەزرۆی ستایش کردنە؟ خوای گەورە لە سورەتی ( فاطر: ١٥) دا وەڵام دەداتەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿١٥﴾ ﴾



Scanned by CamScanner

واتە: ئەی خەڵکینە هەر ئێوە هەژار و نەدارن و هەمیشە ئاتاجی خوان، هەر تەنها خوایە کە بێ نیازە و شایەنی سوپاسە.

پەرستش و بەندایەتی ئێمە بۆ بەرژەوەندی خوا نیە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆمانە. کاتێك دەڵێین: الله أکبر، ئەم وتەیەی ئێمە خوا گەورە ناکات، خوا هەمیشە گەورەیە. ئەگەر ئێمە ستایشی خوا بکەین یان نەیکەین هیچ جیاوازی نیە لای خوا. ئەو دەروونی مرۆڤ دەناسێت، ئێمەی مرۆڤ کاتێك ستایشی کەسێك دەکەین، کاتێك زانیمان کەسێك گەورە و بەناوبانگە شوێن ئامۆژگارییەکانی دەکەوین. بۆ نمونە: ئەگەر دایکت توشی سەکتەی دڵ بوو بێت. پیاوێکی ئاسایی بێت و ئامۆژگاریت بکات ئایا دوای ئامۆژگاری ئەو دەکەویت یان کەسێکی پسپۆڕی دڵ کە شارەزاترین کەس بێت لە جیهاندا و بەخێرایی ئامۆژگاریت بکات؟ ئامۆژگاری کامیان وەردەگریت: پیاوێکی ئاسایی یان شارەزاترین پسپۆڕی دڵ؟



Scanned by CamScanner

لەبەرئەوەی دەزانیت ئەم پسپۆڕە بەناوبانگە و خەڵکی ستایشی دەکـەن، بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ گوێڕایـەڵی ئامۆژگارییـەکانی دەبیت. بەهەمان شێوە خوای گەورە دەیەوێت ستایشی بکەین...

الله گەورەترینە... الله زاناترینە... الله داناترینە. ئەو ساتەی کە ئێمـە دەڵـێین الله داناترینـە، کاتێـك ئامۆژگاریمـان دەکات یەکسـەر گوێڕایەڵی دەبین. ئەگـەر دانیپێدانـەنێن خـوا زانـاترین و داناترینـە، چانسی پەیڕەویکردنی ئامۆژگارییەکانی کەم دەبێت. کەواتە خـوای گـەورە دەیـەوێت بیپەرسـتین و ستایشـی بکـەین، نـەك لەبـەر بەرژەوەندی خۆی بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی ئێمە.

خـوای گـەورە لـە ئایـەتی (١٥) ی سـورەتی (فـاطر) دا دەفەرموێت: ئەی خەڵکینـە هـەر ئێـوە هـەژار و نـەدارن و هەمیشـە ئاتاجی خوان، هەر تەنها خوایە کە بێ نیازە و شایەنی سوپاسە.

بانمونەیەکت بۆ بهێنمـەوە: وایـدانێ ژن و مێردێـك چـەند سـاڵێك هاوسـەرگیرییان کـردووە و هـیچ منـداڵیان نیـە. بەشـێوەیەکی سروشـتی، ئـەم ژن و مێـردە هەسـت بـە دڵتـەنگی دەکـەن. ژن و



Scanned by CamScanner

مێردێکی دیکە منداڵێکیان هەیە و بەسۆز و خۆشەویستی بەخێوی دەکەن. کاتێك ئەم منداڵە دەگاتە تەمەنی ١٥- ١٦ساڵان کۆچی دوایی دەکات. بەشێوەیەکی سروشتی، ئەم ژن و مێردە هەست بە خەمباری دەکەن. ئەو ژن و مێردەی یەکەم کە منداڵیان نەبوو هەستیان بە نیگەرانی کرد، بەڵام ژن و مێردی دووەم کە منداڵێکیان هەبوو و بە سۆز و خۆشەویستی بەخێویان کرد و کاتێك گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری مرد، ئەم ژن و مێردە زیاتر خەفەتبار دەبن. لەلایەکی ترەوە جۆری سێ یەمی دایك و باوکمان هەیە: ئەو دایك و باوکەی کە منداڵێکیان هەیە و بە سۆز و خۆشەویستی بەخێوی دەکەن، بەڵام کاتێك ئەم منداڵە گەورە دەبێت و دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن ئاوڕ لە دایك و باوکی ناداتەوە. تۆ بەمجۆرە منداڵە دەڵێیت چی؟

بێگومان پێی دەڵێیت: نامرۆڤ، ستەمکار، بێ وەفا. ئەی چی بەو کەسانە دەڵێیت کە بێ وەفا و ناسوپاسگوزارن بەرامبەر دروستکەریان؟ دروستکەرمان، خوای پەروەردگار تەنها هەر تۆی

دروست نەکردووە بەڵکو دایك و باوکیشتی دروست کردووە. کەواتە پێتوانیە پێویستە سوپاس و ستایشی خوای پەروەردگار بکەین؟ پێویستە گوێڕایەڵی بین؟ چەند کەس لە ئێمە تا ئێستا سوپاسی خوامان کردووە بۆ ئەو هەموو نازونیعمەتە بێ شومارەی پێی بەخشیوین؟ خوای گەورە ژیانی پێ بەخشیوین. خوای گەورە نیعمەتەکانی دونیای پێبەخشیوین: خۆراك، پۆشاك، پەناگە. ئایا بیرت کردووەتەوە ئەگەر چەند ڕۆژێك ئاوت دەستنەکەوێت چی ڕوودەدات؟ ئاسایی، دەمریت. چەند کەس لە ئێمە تائێستا سوپاسی خوامان کردووە بۆ ئەو ئاوەی پێی بەخشیوین؟ هەرگیز بیرت لەو هەوایە کردووەتەوە کە هەڵی دەمژیت؟ ئەگەر چەند خولەکێك ئەو هەوایەمان دەست نەکەوێت چیمان بەسەردێت؟ ئاسایی، دەمرین. چەند کەس لە ئێمە تائێستا سوپاسی خوامان کردووە بۆ ئەو هەوایەی پێی بەخشیوین؟

خوا لە قورئاندا لە سورەتی (ابراهیم: ٣٤) دا دەفەرموێت: ﴿..

وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ﴿٣٤﴾﴾، واتە:



Scanned by CamScanner

خـۆ ئەگـەر بـەهرە و نیعمەتـەکانی خـوای گـەورە بـژمێرن بۆتـان ناژمێردرێن بەڕاستی ئادەمی (بێ بڕوا) زۆر ستەمکار و سپڵەیە.

خوای گـەورە لـە سـورەتی (العادیـات: ٦) دا دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ ٦﴾، واتە: بەڕاستی ئینسـان بـۆ پـەروەردگاری ناسوپاسە.

خوای گەورە دەیەوێت بیپەرستین و ستایشی بکەین نـەك لەبەر خۆی بەڵکو لەبەر ئێمە. کاتێك خوای گەورە بۆی دەردەکەوێت کە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی سود بە دروستکراوەکانی دەگەیـەنێت، زۆر دڵخۆش دەبێت.

بۆ نمونە: کاتێك پزیشـکێك بـەخۆڕایی ئامۆژگـاری و چارەسـەری نەخۆشێك بکات، ئەگەر ئـەو نەخۆشـە گوێڕایـەڵی ئامۆژگارییـەکانی دکتۆرەکـە نـەکات، دکتۆرەکـە هەسـت بەچـی دەکـات؟ وە ئەگـەر گوێڕایـەڵی ئامۆژگارییـەکانی پزیشـکەکە بکـات هـیچ سـود بـە پزیشکەکە ناگەیەنێت، ئـەو بـەخۆڕایی چارەسـەری دەکـات! ئـەوە سـود بەنەخۆشـەکە دەگەیـەنێت. کاتێـك نەخۆشـەکە پـەیڕەوی



Scanned by CamScanner

ئامۆژگارییەکانی دکتۆرەکە دەکات، دکتۆرەکە دڵخۆش دەبێت و دەڵێت: بەلایەنی کەمەوە نەخۆشەکەم تەندروستی بۆ دەگەڕێتەوە. خوا پەروەردگار زۆر لە پزیشکەکانی دونیا گەورەترە و یەکێك لە ناوە پیرۆزەکانی بریتی یە لە: الشافي، واتە: ئەو کەسەی کە چارەسەرمان دەکات.

کاتێك خوا دەپەرستین و گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی دەبین، ئەو دڵخۆش دەبێت، چونکە ئەو ساتەی کە ستایشی دەکەین و پەیڕەوی ڕێنماییەکانی دەکەین سود بەخۆمان دەگەیەنین.

دڵخۆشی خوا لەبەر ئەوە نیە کە پەرستش و ستایشی ئێمە سود بە ئەو دەگەیەنێت. کاتێك ئێمە گوناه و تاوان دەکەین، ئەو ساتەی پەشیمان دەبینەوە، ئەو ساتەی داوای لێخۆشبوون دەکەین ڕاستەوخۆ خوای گەورە لێمان خۆش دەبێت. خوای گەورە لە چەند شوێنێکی قورئاندا دەفەرموێت:" والله غفور رحیم" واتە: خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە.

هەرچەندە گوێڕایەڵی نەکەیت، هەرچەندە ئامۆژگارییەکانی پشتگوێ بخەیت، ئەو ساتەی داوای لێخۆشبوون دەکەیت خوا لێتخۆش دەبێت، وە زۆر دڵخۆشیش دەبێت. کاتێک هەڵەیەک دەکەیت، ئەو دەفەرموێت ئەم مرۆڤە بەندەی منە و لێی خۆش دەبم. خوا لە سورەتی (النساء: ٤٨ و ١١٦) دا دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ... ﴿٤٨﴾ ﴾

واتە: بەڕاستی خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت.

کەواتە خوای گەورە ئەگەر بیەوێت لە هەموو تاوانێک خۆش دەبێت، بێجگەلە تاوانی هاوەڵ بڕیاردان بۆخوا، ئەگەر بمریت و تۆبەنەکەیت، ئەگەر داوای لێخۆش بوون نەکەیت و بە موشریکی بمریت هەرگیز خوا لێت خۆش نابێت. هاوەڵ بڕیاردان گەورەترین تاوانە و دەبێت مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت.

وەک دەزانین خوا مرۆڤی بۆ خوا پەرستی دروست کردووە.



Scanned by CamScanner

## تایبه‌تمه‌ندی مرۆڤ چیه؟ بۆچی خوا ئێمه‌ی دروست کردووه؟

مرۆڤ باشترین و بێ وێنه‌ترین دروستکراوی په‌روه‌ردگاره. مرۆڤ و جن تاکه دروست کراوی خوان که سه‌ربه‌ستی و ئازادی هه‌ڵبژاردنیان (ارادة) هه‌یه. هه‌موو دروستکراوه‌کان دیکه‌ی خوا به ته‌واوی ملکه‌چی فه‌رمانه‌کانی خوان و هیچ سه‌ربه‌ستییه‌کیان نیه له ویستدا، له ١٠٠% ملکه‌چی فه‌رمانه‌کانی په‌روه‌ردگارن و هیچ هه‌ڵبژاردنێکی تریان نیه. به‌ڵام مرۆڤ و جن هه‌ڵبژاردنیان هه‌یه: ده‌توانن گوێڕایه‌ڵی خوا بن وه ده‌توانن سه‌رپێچی بکه‌ن.

خوای گه‌وره له سوره‌تی (التین: ٤) دا ده‌فه‌رموێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِىٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿٤﴾﴾

واته: به‌ڕاستی ئێمه ئینسانمان له جوانترین شێوه و ڕێکوپێکترین شێوازدا دروست کردووه له هه‌موو ڕوویه‌که‌وه.

سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که ئێمه به جوانترین شێوه دروستکراوین، ئێمه بێ هاوتاین و ئازادی ویستمان هه‌یه: یان ملکه‌چی



Scanned by CamScanner

فەرمانەکانی خوا دەبـین یان لێی یاخی دەبـین. ئەگـەر ملکەچی فەرمانـەکانی بـین، ئـەوا لـە فریشـتەکان بـەڕێزتر دەبـین، چونکە فریشـتەکان ئـازادی ویسـتیان نیـە و بـەبێ ویسـت ملکەچـی پەروەردگارن. دەبینین هەندێجار دەوترێت: ئەو کەسە وەك فریشتە وایە. ئەمە دوو مانای هەیە، ڕەنگە لە چەند ڕوویەکـەوە مـرۆڤ وەك فریشتە بێـت، یـان ڕەنگـە مەبەسـتی ئـەوە بێـت سـەرەڕای ئـەوەی ئازادی ویستت پێبەخشراوە لەهەمان کاتـدا وەك فریشـتە ملکەچی فەرمانەکانی خوا بیت، ئەمە واتلێدەکات لـە فریشـتە باشـتر بیـت! بـەڵام ئەگـەر لـە فەرمانـەکانی خـوا یـاخی ببیـت، دەبیـت بـە بـرای شـەیتان. کەواتـە مـرۆڤ ئـازادی ویسـت و هەڵبـژاردنی هەیـە، ئایـا ملکەچی فەرمانەکانی خـوا دەبێـت و پلـەی لـە فریشـتەکان بـەرزتر دەبێتەوە یان سەرپێچی فەرمانـەکان خـوا دەکـات و وەك شـەیتانی لێدێت.



Scanned by CamScanner

خوای گەورە پێمان دەڵێت ئەم ژیانـە تـاقی کردنەوەیـە بۆمـان. سـورەتی ( الملـك: ٢) دەفـەرموێت: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ...﴿٢﴾﴾

واتـە: هـەر ئـەو خـۆی مـردن و ژیـانی بـەدیهێناوە، تـا تاقیتـان بکاتـەوە کێتـان کـردەوەی چـاکتر و پەسـەندترە، ئـەویش زاتێکـی باڵادەستە بەسەر بێ باوەڕاندا وە لێخۆشبووە لە ئیمانداران.

کەواتە ئەم ژیانە شوێنی تاقی کردنەوەیە بۆ ڕۆژی دوایی. خوای گەورە لە سورەتی ( آل عمران: ١٨٥) دا دەفەرموێت:

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾﴾

واتـە: هەموو کەسێك دەبێـت بمرێـت و مـردن بچـێژێت، تـەنها لـە ڕۆژی قیامەتـدا کـرێ و پاداشـتان بەتـەواوی پێـدەدرێت. ئەوسـا ئەوەی دوور خرایەوە لە ئاگری دۆزەخ و خرایـە بەهەشتەوە، ئـەوە



Scanned by CamScanner

بەڕاستی سەرفراز بووە، ژیانی دنیاش بێجگە لەوەی کە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نیە.

خوا لە قورئاندا لە سورەتی (البقرة: ١٥٥) دا دەفەرموێت:

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (١٥٥) ﴾

واتە: سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و سامان و مردنی کەس و کار و تیاچوونی بەروبوومی کشتوکاڵ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو ئارامگرن.

خوای گەورە ژیان و مردنی بۆ تاقیکردنەوەمان دروست کردووە. تا تاقیمان بکاتەوە کامەمان کار و کردەوەی باش ئەنجام دەدەین. دڵنیابە خوا تۆش تاقی دەکاتەوە، بە ترس و برسێتی و کەمی ماڵو مردنی کەس و کار و بەو دەستکەوتەی بەدەستی دەهێنیت. خوای گەورە مرۆڤەکان بەشێوازی جیاجیا تاقی دەکاتەوە، وەك لە



Scanned by CamScanner

سـوورەتـی (النحـل: ٧١) دا دەفـەرموێت: ﴿ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ ... ٧١ ﴾

واتـە: خـوا لـە بەخشـینی ڕزق و ڕۆزیـدا بەشـی هەنـدێكتانی زۆرترداوە لە هەندێكی ترتان ( بۆ تاقیكردنەوەتان ).

هەروەها لە سوورەتی (الأنعام: ١٦٥) دا دەفەرموێت:

﴿ ... وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلۡعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمُۢ ... ١٦٥ ﴾

واتە: چەند پلە هەنـدێكتانی بەرزكردووەتـەوە بەسـەر هەنـدێكی ترتاندا بۆ ئەوەی تاقیتان بكاتەوە لەوەی كە پێی بەخشیون.

ڕەنگـە هەنـدێ كـەس بپرسـن دادپـەروەری خـوا لـە كوێدایـە لەكاتێكدا كەسێك لە خێزانێكی هەژاردا لە دایك دەبێـت و كەسێكی تر لە خێزانێكی دەوڵەمەندادا لە دایك دەبێت؟ كەسێك بە لەشساغی لە دایك دەبێت و كەسێك بە نەخۆشی؟ ئەمە نادادپەروەرییە ! چۆن دەبێت خوای گەورە جیاوازی لەنێوان خەڵكدا بكات؟

وەك دەزانـین لـەم دنیایـەدا ژیـان و مـردن هەیـە، تەندروسـتی و نەخۆشـی هەیـە، هـەژاری و زەنگـینی هەیـە، هـەموو ئەمانـە تاقیکردنەوەن.

ئەگـەر خـوا پلـەی بەرزکردیتـەوە و نیعمـەت و بەخششـی پێبەخشیت، خۆت ئامادە بکە چونکە خوا تاقیت دەکاتەوە. خـوای گـەورە لـە سـورەتی (الأنفـال: ٢٨) دا دەفـەرموێت: ﴿ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ ... ﴿٢٨﴾ ﴾

واتـە: هـەروەها بـزانن بەڕاسـتی مـاڵ و سـامان و منـداڵتان بـۆ تاقیکردنەوەیە.

خوای گەورە لە سورەتی (المنافقون: ٩) دا دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ... ﴿٩﴾ ﴾

واتە: ئەی ئەوانەی کـە بـاوەڕتـان هێنـاوە مـاڵ و منـداڵتان بـێ ئاگاتان نەکەن لە یادی خوا.



Scanned by CamScanner

## خوای گەورە مرۆڤەکان بەشێوەی جیاواز تاقیدەکاتەوە

یەکێك لە تاقیکردنەوەکان بریتیە لە زەکات دان. چۆن خوا کەسێك تاقیبکاتەوە تا دەربکەوێت ئەم کەسە زەکات دەدات یان نا، ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی لە هەمان ئاستی ئابووریدابن؟ تاقیکردنەوە کاتێك ئەنجام دەدرێت کە هەندێ کەس نەدابن و هەندێکی دی دارا. کەواتە خوای گەورە خەڵکی بەشێوەی جیاواز تاقیدەکاتەوە. لەوانەیە هەندێ کەس لە خێزانێکی هەژاردا بێنە دنیاوە و سامانێکی زۆریان هەبێت، یان هەندێ کەس لە خێزانێکی هەژاردا بێنە دنیاوە. بەڵام ئەو کەسەی کە دەوڵەمەندە دەبێت بە پێی شەریعەتی ئیسلام زەکات بدات.

ڕەنگە کەسێك ملیۆنێر یان ملیاردێر بێت، بەڵام ٢٠٪ ی زەکاتەکەی بدات، ئەو کەسە لە تاقیکردنەوەکە دەرناچێت. ڕەنگە هەندێ کەس هەر زەکات دەرنەکەن، بێگومان ئەمانیش لە تاقیکردنەوە دەرناچن. بەڵام لەوانەیە کەسی هەژار هەرگیز

نـەتوانێت زەکـات بـدات، وە نمـرەی تـەواو وەردەگرێـت لـە تاقیکردنەوەکـەدا. کەچـی ئێمـە دەڵـێین ئـەو دامـاوە زۆر نـەدارە و کێشەی زۆرە لە ژیانیدا. پێغەمبەری خۆشەویستمان (درودی خـوای لێ بێت) دەفەرموێت:"کەسی دەوڵەمەند سەختتر دەچێتە بەهەشت لـە چـاو کەسـی هـەژار." کاتێـك ئێمـە کەسـێکی زەنگـین دەبیـنین دەڵێین خوا نیعمەتی بەو کەسە بەخشیوە. ڕاسـتە نیعمەتـە، بـەڵام لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەیە. ئەگەر ئەو نیعمەتـە بـە شـێوەیەکی دروست بەکارنەهێنێت شانسی سـەرنەکەوتنی لـە تاقیکردنەوەکـەدا زۆر دەبێت.

تاقیکردنەوەیەکی تر بریتیـە لـە بەرچـاوتێری. پێغەمبـەری خـوا (درودی خوای لێ بێت) لە صحيح البخاري، بەرگی (٨)، فـەرمودەی ژمارە (٤٤٧) دا دەفەرموێت:

"لو أن لابن آدم واديا من ذهـب أحـب أن يكـون لـه واديـان، ولـن يملأ فاه إلا تراب."



Scanned by CamScanner

واتـه: ئەگـەر نـەوەی ئـادەم دۆڵێـك زێـڕی هـەبێت، حـەزدەكات دۆڵێكی دیكەشی هەبێت، تەنها گڵ نەوەی ئادەم تێر دەكات.

خوای گەورە لە سورەتی ( النساء:٣٢ ) دا دەفەرموێت:

﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ... ﴿٣٢﴾﴾

واتـە: ئاواتـەخوازی شـتێك مەكـەن كـە خـوا بەخشـیویەتی بـە هەندێكتان و نەیبەخشیوە بە هەندێكتان.

ئێمە دەڵێین خوایـەگیان ئۆتۆمبێـل و سـەروەت و سـامانی زۆرت بە فلان كەس بەخشیوە و بـە ئێمـەت نەبەخشیوە. خـوای گـەورە دەفـەرموێت ئـاواتی شـتێك مـەخوازن كـە خـوا بـە كەسێكی تـری بەخشیوە و بە ئێوەی نەبەخشیوە. پێغەمبەری خوا (درودی خـوای لێ بێت) لە صحیح البخاري، بەرگی (٤)، فەرمودەی ژمـارە (٧٠٧٠) دا دەفەرموێت:

" انظروا إلى من هو أسفل منكم، ولا تنظروا إلى من هو فوقكم، فإنه أجدر أن لا تزدروا نعم الله عليكم."



Scanned by CamScanner

واتە: لەو نیعمەتانەی خوا پێی داون لە دونیادا سەیری خوار ئاستی خۆتان بکەن، سەیری سەروو خۆتان مەکەن، چونکە شایەنی ئەوەیە نیعمەتەکانی خوا بەکەم نەگرن.

ڕەنگە سەیری کەسێك بکەیت کە ئۆتۆمبێلی نەبێت و بڵێیت سوپاس بۆ خوا هەرچۆنێك بێت من ئۆتۆمبێلێکی بچوکم هەیە. هەرگیز سەیری کەسێك مەکە مێرسیدسی هەبێت و بڵێیت: بۆچی ئەو مێرسیدسی هەیە؟ ئەو ساتەی خۆت لەگەڵ ئەو کەسەدا بەراورد دەکەیت کە مێرسیدسی هەیە، نیعمەتی خوا لەبیردەکەیت. کەواتە سەیری خوار خۆت بکە چونکە نیعمەتی خوات بیردەهێنێتەوە.

سەرگوزەشتەیەك هەیە دەڵێت: پیاوێك گلەیی دەکرد لەبەرئەوەی پێڵاوی نەبوو تاوەکو پیاوێکی بینی کە قاچی نەبوو.

ئایەتی ژمارە (٢) ی سورەتی ( العنكبوت ) دەفەرموێت:

﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ۝٢ ﴾

واته: ئایا خەڵك وا دەزانن كە وازیان لێ دەهێنرێت ئەگەر بڵێن بڕوامان هێناوە، ئیتر ئەوان تاقی ناكرێنەوە.

وادەزانی تەنها بە وتنی: من موسوڵمانم، من ئیماندارم ئیتر خوا تاقیتناكاتـەوە؟ بەدڵنیاییـەوە خـوا تاقیتدەكاتـەوە، وە ئەگـەر لـە تاقیكردنەوە دەرچوویت إن شاء الله دەچیتە بەهەشت. تـەنها بـە وتنی من موسوڵمانم، مـن زاكـیرم، مـن عەبـدولآم ناچیتە بەهەشت بێگومـان خـوا تاقیتدەكاتـەوە. چ مـەرجێك هەیـە بۆ ئـەو كەسـەی دەیـەوێت بچێتە بەهەشت؟ وەلآمـی ئـەم پرسـیارە لـە سـورەتی (العصر) دایە:

﴿وَالْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴿٣﴾﴾

واتە: سوێند بە كات. بێگومان ئادەمیزاد لە خەسارەتمەندیدایە. مەگەر ئەوانەی كە بڕوایان هێنابێ و كردەوەی چاكەكانیان كردبێت وە ئامۆژگـاری یـەكتریان كردبێـت بـە ئـاینی ڕاسـت وە ئامۆژگـاری یەكتریان كردبێت بە ئارامگرتن.



Scanned by CamScanner

بۆ بەدەست هێنانی:

١. ڕەزامەندی خوا.

٢. ئاسودەیی لە دونیا.

٣. بەهەشت لە ڕۆژیی دوایی.

دەبێت ئەم چوار کارە ئەنجام بدەیت:

١. باوەڕێکی پوختت هەبێت ( الإخلاص في الإيمان ).

٢. کردەوەی چاکت هەبێت.

٣. بانگەوازی خەڵك بکەیت بۆ ئاینی ڕاست.

٤. بانگەوازی خەڵك بکەیت بۆ ئارامگرتن.

( سنن الترمذي ) بەرگی چوارەم، بەشی (٦٠)، فەرمودەی ژمارە (٢٥١٧) دەفەرموێت: يقول أنس بن مالك رضي الله عنه: قال رجل: يا رسول الله أعلقها (أي أربط ناقتي) وأتوكل، أو أطلقها وأتوكل؟ فقال النبي: أعلقها وتوكل.

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لیَ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێك بە پێغەمبەری ووت: ئایا حوشترەکەم ببەستمەوە ئینجا



Scanned by CamScanner

پشت بەخوا ببەستم، یان بەرەڵای بکەم ئینجا پشت بەخوا ببەستم؟ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموی: حوشترەکەت ببەستەوە ئینجا پشت بەخوا ببەستە.

ئەمە مانای ئەوە نیە دەرگاکەت بە کراوەیی بەجێ بهێڵیت و بڵێیت من متمانەم بەخوا هەیە و پشت بەخوا دەبەستم ئیتر کەس دزیم لێ ناکات! بەڵکو دەبێت دەرگاکەت دابخەیت و ئینجا پشت بەخوا ببەستیت. چەندە پشت بەستن بەخوا گرنگە، هێندەش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی گرنگە. پشت بەستن بەخوا بۆ سەرکەوتنیش گرنگە. وەك خوا لە سورەتی (آل عمران: ١٦٠) دا دەفەرموێت: ﴿إِن يَنصُرۡكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمۡۖ وَإِن يَخۡذُلۡكُمۡ فَمَن ذَا ٱلَّذِي يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١٦٠﴾

واتە: ئەگەر خوا سەرکەوتنتان پێ ببەخشێت ئەوە هیچ کەس ناتونێت سەرکەوێت بەسەرتاندا، خۆ ئەگەر پشتتان بەربدات، ئەوە کێ هەیە دوای ئەو کۆمەکتان بکات و سەرتان بخات، دە با ئەوانەی ئیماندارن هەر پشت بەخوا ببەستن.



Scanned by CamScanner

خـوا لـه سـورەتی (العنکبـوت: ٦٩) دا دەفـەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ ... ﴿٦٩﴾ ﴾

واتە: ئەوانەش لە پێناوی ئێمەدا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە هەوڵ و کۆششیان کردووە و خۆیان مانـدوو کـردووە، سـوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنمونی دەکەین بۆ هەموو ڕێگەیەکی چاك و دروستی خۆمان.

خوای گەورە لە سورەتی (النحل: ٤٣) و سـورەتی (الأنبيـاء: ٧) دا دەفەرموێت: ﴿ ...فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٧﴾ ﴾

واتە: دەی پرسیار بکەن لە زانایان ئەگەر ئێوە نازانن.

کەواتە بۆ سەرکەوتن، یەکەم: پشت بە خوا ببەستە.

دووەم: هەوڵ بدە و تێبکۆشە.

سێ یەم: پرسیار لە شارەزایان بکە. هەروەها پلانـدانان گرنگـە، وە ئامانجدانان گرنگە.



Scanned by CamScanner

باشترین شێوازی پلاندانان بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێت بەم شێوەیە بێت:

١. دەبیت ئامانجەکەت بە گوێرەی ڕێنمای خوای گەورە و پێغەمبەر بێت (درودی خوای لێ بێت)، واتە دەبێت ئامانجەکەت لەسەر بنچینەی قورئان و سونەت بێت.

٢. دەبێت ئامانجەکەت دیاریکراو بێت نابێت لێڵ و ناڕوون بێت. بۆ نمونە: مامۆستایەك قوتابیەکانی فێری تیرئەندازی دەکات، پێیان دەڵێت: نیشانە لەو باڵندەیە بگرن کە لەسەر ئەو درەختەیە. هەموویان ئامادەدەبن بۆ تیرهاویشتن. مامۆستاکە پێیان دەڵێت: تا من فەرمان نەکەم تیرەکە مەهاوێژن. لە خوێندکاری یەکەم دەپرسێت:

- ئامادەیت؟

❖ بەڵێ.

- چی دەبینیت؟

لەسەرە.

❖ دارستانێك دەبینم، هەروەها درەختێكیش باڵندەیەكی لەسەرە.

مامۆستاكە لە خوێندكاری دووەم دەپرسێت:

- چی دەبینیت؟

❖ درەختێـك دەبیـنم، لقـەكانی درەختەكـە دەبیـنم، باڵندەیـەكیش دەبینم.

مامۆستاكە لە خوێندكاری سێ یەم دەپرسێت:

- چی دەبینیت؟

❖ مـن تـەنها لقـەكانی درەختەكـە و باڵندەكـە و چـاوی باڵندەكـە دەبینم.

مامۆستاكە لە خوێندكاری چوارەم دەپرسێت:

- چی دەبینیت؟

❖ من تەنها چاوی باڵندەكە دەبینم و هیچی تر!

مامۆسـتاكە دەڵێـت: دەی تیرەكـەت بهاوێـژە. وە تیرەكـە چـاوی باڵندەكە دەپێكێت.



Scanned by CamScanner

دەبێت ئامانجەکەت دیاریکراو بێت، نەک وەک ئەو گەشتیارەی کە خۆشی نازانێت بۆ کوێ دەچێت، نەک وەک ئەو سەگەی بێ ئامانج شوێن ئۆتۆمبێل دەکەوێت!

٣. دەبێت ئامانجەکەت سودبەخش بێت بۆ ئەم دونیا و ئەو دونیا.

خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ٢٠١) دا دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ۝٢٠١﴾

واتە: خوایە هەم لە دنیا و هەم لە ڕۆژی دواییدا خێر و خۆشیمان پێ بدە، وە بمان پارێزە لە سزای ئاگر.

کەواتە دەبێت ئامانجەکەت بەسوود بێت: یەکەم بۆ ڕۆژی دوایی، دووەم بۆ ئەم دونیا، بەڵام ڕۆژی دوایی گرنگترە. مەهێڵە دەستکەوتەکانی ئەم دنیا بێ بەشت بکات لە دەستکەوتەکانی ڕۆژی دوایی.

٤. دەبێت ئامانجەکەت شیاو بێت.

٥. دەبێت ئامانجەکەت بپێورێت. دەبێت ئامانجەکەت دیاری بکەیت و پاشان بتوانیت بیپێویت. بۆ نمونـە: کەسێك دەڵێت: دەمەوێت بەرزترین بینا دروست بکەم لە جیهاندا. ئامانجەکە دیاریکراوە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت ئەندازەی بگرێت لێکۆڵینەوە دەکات: بەرزترین بینا لەجیهاندا کامەیە؟ بۆی دەردەکەوێت بەرزترین بینا لە جیهاندا بورجی خەلیفەیە کە بەرزییەکەی (٨٢٨) مەترە.

کەواتە ئێستا دەبێت بینایەك دروست بکات بەرزتر بێت لە (٨٢٨) مەتر. ئەگەر ئامانجەکەت بپێورێت، دەتوانی چاودێری بکەیت و بزانیت بەکوێ گەیشتویت و چەند لە ئامانجەکەت نزیك بوویتەتەوە.

٦. نیەت. پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە (صحيح البخاري) بەرگی یەکەم، كتاب الإيمان، فەرمودەی ژمارە (١) دا دەفەرموێت:" إنما الأعمال بالنيات ".

واتە: هەموو کردەوەکان بەگوێرەی نیەت هەڵدەسەنگێنرێن، وە بەگوێرەی نیەتیش پاداشت دەدرێنەوە.



Scanned by CamScanner

دەبێت لە هەموو کارێکدا نیەتت ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەر بێت (درودی خوای لێ بێت). نابێت نیەتت ناو و ناوبانگ بێت، ئەگەر نیەتت ئەمە بێت ئەوا ئامانجەکەت دروست نیە. ئەگەر نیەتت ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەر بێت (درودی خوای لێ بێت)، بەدڵنیاییەوە لە ڕۆژی دواییدا پاداشت دەدرێیتەوە، وە إن شاء الله خوا لەم دنیاش پاداشتت دەداتەوە.

٧. بەردەوامی: دەبێت بەردەوامبیت تا بەئامانجەکەت دەگەیت وە دەبێت ئامانجەکەت کاتێکی دیاریکراوی هەبێت، ئەگەر ئامانجەکەت کاتێکی دیاریکراوی نەبێت، ئەوا دەبێت هەتاهەتایە بەردەوام بیت.

بۆ نمونە: ئەگەر ئامانجەکەت ئەوەیە بەلایەنی کەمەوە یەکجار قورئان خەتم بکەیت لە مانگی ڕەمەزاندا.

کەواتە دەبێت هەموو ڕۆژێك یەك جوزء بخوێنیتەووە و بەردەوام بیت بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان. لەکۆتایی ڕەمەزاندا دەگەیت بە ئامانجەکەت و بەلایەنی کەمەوە یەکجار قورئان تەواو دەکەیت. ئەگەر ئامانجەکەت پەیوەست نەبێت بەکاتێکی دیاریکراوەوە،



Scanned by CamScanner

ڕەنگە بڵێیت: دەمەوێت ڕۆژانە قورئان بخوێنمەوە. پاشان پلان دادەنێیت ڕۆژانە جوزئێک یان نیو جوزء بخوێنیتەوە. کە دەستپێدەکەیت جوزئێك یان نیو جوزء دەخوێنیتەوە و بەردەوام دەبیت تا کۆتایی ژیانت.

(صحيح مسلم) بەرگی یەکەم، بەشی (٢٧٢) فەرمودەی ژمارە (١٧١١) دەفەرموێت: سأل رجل النبي ﷺ: أي الأعمال أحب إلى الله؟ فقال النبي: أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قل.

واتە: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد (درودی خوای لێ بێت): خۆشەویستترین کردەوە لای خوا کامەیە؟ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: خۆشەویستترین کردەوە لای خوا ئەو کردەوەیەیە کە بەردەوامی هەبێت با کەمیش بێت.

با نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە: ڕەنگە هەندێکمان ئاگاداربین لە چیرۆکی ژیانی "ویڵما ڕودۆڵف"[٢].

---

[٢] . پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدانی ئەمەریکی، ویڵما گلۆدین ڕودۆڵف لە بەرواری ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٤٠دا لەدایك بووە. یەکێك بووە لە خێراترین ئافرەتەکانی جیهان و



Scanned by CamScanner

"ویلما ڕودۆلف" کچێک بوو هەر لەمنداڵیەوە توشی ئیفلیجی منداڵان بیوو. دکتۆرەکان ئێسکبەندیان بۆ لاقی دانابوو، وە دەیانووت: ئەم کچە هەرگیز پێ ناخاتە سەر زەوی. دایکی هانیدەدا و پێی دەووت: ویلما ئەوەی دەتەوێت دەتوانیت بەدەستی بهێنیت. ویلما لە تەمەنی نۆ ساڵیدا ئێسکبەندەکەی لابرد و دەیویست ببێت بەخێراترین ئافرەتی جیهان. ئەوە ئامانجەکەی بوو. لەتەمەنی ١٣ ساڵیدا بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا لە پێشبڕکێیەکدا بەشداری کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. وازی نەهێنا و بەردەوام بوو لەهەوڵدان و سەرنەدەکەوت، شکستی دەهێنا و دووبارە دەستی پێدەکردەوە. ئەو ڕۆژە هات کە ویلما پاڵێورا بۆ بەشداریکردن لە ئۆلۆمپیاد. ئەمە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، چیرۆکێکی خەیاڵی و دروستکراو نیە. ویلما بەشداری کرد لە ئۆلۆمپیادی ساڵی ١٩٦٠ و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لە پێشبڕکێی ١٠٠ مەتری ژنان و مەدالیای زێڕی

---

بەشداری لە ئۆلۆمپیادی ساڵی ١٩٥٦ و ١٩٦٠دا کردووە. لە بەرواری ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤دا کۆچی دوایی کردووە.



Scanned by CamScanner

بەدەستهێنا, هەروەها مەدالیای زێڕی بەدەستهێنا لە پێشبڕکێی ٢٠٠ مەتری ژنان. وە مەدالیای زێڕی بەدەستهێنا لە پێشبڕکێی ٤٠٠ مەتری ژنان. سێ مەدالیای ئالتونی بەدەستهێنا لە ئۆلۆمپیادی ساڵی ١٩٦٠و مێژووی دروست کرد. ئافرەتێکی ئیفلیج بووبە خێراترینی ئافرەتی جیهان لە ساڵی ١٩٦٠ دا. با ئێستا ئەو دەستکەوتەی ویلما بەگوێرەی ئەو خاڵانەی پێشەوە هەڵبسەنگێنین:

١. ئایا ئامانجەکەی ویلما بەگوێرەی قورئان و سونەتە؟

– من زانیاریم نیە لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو، بەڵام دەزانم کە ئەو موسوڵمان نەبوو.

٢. ئایا ئامانجەکەی دیاریکراو بوو؟

– بەڵێ ئامانجەکەی دیاریکراو بوو. ئەو ویستی ببێت بەخێراترین ئافرەتی جیهان.

٣. ئایا ئامانجەکەی بەسوودبوو؟

– بەڵێ، بۆ ئەم دنیای بەسودبوو، بەناوبانگ بوو و شانازی بەدەستهێنا. بەڵام بۆ ڕۆژیی دوایی، خوا دەیزانێت. گومانم هەیە



Scanned by CamScanner

لەوەی مەدالیای زێڕ سودی هەبێت بۆ ڕۆژی دوایی، مەگەر تەرخانی کردبێت بۆ ڕەزامەندی خوا.

٤. ئایا ئامانجەکەی گونجاو و شیاو بوو؟

- بەڵێ.

٥. ئایا دەپێورا ( ئەندازەگیری دەکرا )؟

- بەڵێ. هەوڵیدا بزانێت کێ خێراترین ئافرەتە لەسەر زەوی. ڕەنگە کەسێك بووبێت کە ئەو ماوەیەی بە ٩چرکە یان ١٠ چرکە یان ١١ چرکە بڕیبێـت. ئامانجەکـەی دەپێورێـت. کەواتـە هەوڵیـدا و بـە ئامانجەکەی گەیشت.

٦. نیەتی چی بوو لەم کارە؟

- ئەگەر ئامانجەکەی ناوبـانگ بووبێـت، بێگومـان بەدەسـتی هێنـا. ئایا نیەتی ڕەزامەندی خوابوو؟ گومانم هەیە لەوە.

٧. ئایا بەردەوام بوو؟

- بەڵێ بەردەوام بوو. ئەو بە بەردەوامی ڕاهێنانی کرد، هەرچـەندە چەند جارێکیش سـەرکەوتوو نـەبوو بـەڵام وازی نـەهێنا تـا بـوو بـە خێراترین ژنی جیهان.



Scanned by CamScanner

با نمونەیەکی دیکەت بۆ بهێنمەوە، بۆ بەراووردکردنی ئامانجەکانیان. دەمەوێت نمونەی پیاوێکت بۆ بهێنمەوە کە توانایەکی کەمی هەبوو بەڵام لە بواری خۆیدا گەیشتە لوتکە. پیاوێك کە ژیانی منی گۆڕی، وە لە دکتۆری جەستەوە کردمی بە دکتۆری ڕۆح. دڵنیام ناوی ئەو پیاوەت بیستووە، ئەویش ( شێخ ئەحمەد دیدات )ە

شێخ ئەحمەد دیدات تەنها تا پۆلی شەشی بنەڕەتی خوێند. لەبەرئەوەی نەیتوانی خەرجیەکانی قوتابخانەی دابین بکات، وازی لە خوێندن هێنا. هەروەها ناچارکرا هیندستان بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ ئەفریقای باشور. لە ئەفریقای باشور کاری فرۆشیاری و شۆفێری دەکرد. وە هەمیشە لەلایەن مژدەدەرە مەسیحیەکانەوە هەراسان دەکرا. مژدەدەرەکان پێیان دەووت: ئیسلام ئاینێکی بێ سوودە. ئیسلام ئاینێکی بێ بەزەییە. هەمیشە شێخ ئەحمەدیان بێزاردەکرد، ئەمەش وایکرد بڵێت: دەمەوێت وەڵامی ئەو بانگەشانەی مژدەدەرە مەسیحی یەکان بدەمەوە کەلە دژی ئیسلام

دەیکەن، دەمەوێت وەڵامێکی گونجاوی ئەو مژدەدەرانە بدەمەوە.

بیربکەرەوە... پیاوێك تەنها تا پۆلی شەشی بنەڕەتی خوێندووە، بەڵام باوەڕێکی پتەوی بەخوا هەیە! بەڕێکەوت کتێبێکی بینی لە ژوورێکدا کە بڕێکی زۆر تۆزی لەسەر نیشتبوو.

بەڕێکەوت کتێبی " إظهار الحق "ی دانراوی "مەولانا ڕەحمەتولا کەیرانوی" بینی و ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکەی بۆ ڕۆشن بووەوە. ماوەی چواردە ساڵ هەوڵیدا هەتا ئەوکاتەی توانی بەرەنگاری بانگەشەی مەسیحیەکان ببێتەوە. بیربکەرەوە...

دەرچوویەکی پۆلی شەشی بنەڕەتی ماوەی چواردەساڵ هەوڵیدا و بەرەنگاری مەسیحیەتی جیهان بووەوە. بڕیاربوو ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ قەشە "جیمی سواگارت " گفتوگۆیەك سازبکات. لەو کاتەدا، واتە لەساڵەکانی هەشتادا جیمی سواگارت بەناوبانگترین و بەهێزترین کەسایەتی تەلەفزیۆنی بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژانە زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلاری خەرج دەکرد بۆ پاراستنی مەسیحیەت لە لەناوچوون. چەند هەفتەیەك پێش گفتوگۆکە، یەکێك



Scanned by CamScanner

لـە هـەوادارەکانی شـێخ دیـدات پێـی وت: شـێخ ئەحمـەد من هەوادارێکی تۆم، بـەڵام دەمـەوێت ئامۆژگارییـەکت بکـەم. من ئەم پیاوە ــ جیمـی سـواگارت ــ دەناسـم و لـێم کۆڵیوەتـەوە، تکایە گفتوگۆی لەگەڵ مەکە، ئەو دەتجوێت و تفت دەکاتەوە.

شێخ ئەحمەد چوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ نیشتمانی ئەو مـژدەدەرە مەسـیحیە و بەشـداری گفتوگۆکـەی کـرد و الحمـد لله بەیارمەتی خـوا بەتـەواوی بارودۆخەکـەی پێچـەوانە کـردەوە و بـوو بەهێزترین دیوار بۆ بەرگری کردن لـە ئیسـلام لـە دژی مەسـیحیەتی جیهان.

با ئێستا ئامانجەکەی شێخ شیبکەینەوە:

١. ئایا ئامانجەکەی بەگوێرەی قورئان و فەرمودە بوو؟

ــ بەڵێ.

٢. ئایا ئامانجەکەی دیاریکراو بوو؟



Scanned by CamScanner

- بەڵێ دیاریکراو بوو:" دەمەوێت بەرپەرچی بانگەشەکانی دژی ئیسلام بدەمەوە، دەمەوێت ئەو هەڵەتێگەیشتنە لە ئیسلام لە مێشکی ناموسوڵمانەکاندا بسڕمە".

٣. ئایا بەسوود بوو؟ قازانجی هەبوو؟

- ئەو قازانجی ڕۆژی دوایی دەویست. إن شاء الله خوا بەنسیبی دەکات. سەرەڕای پاداشتی ڕۆژی دوایی بەهەمان شێوە بۆ ئەم دونیاشی بەسوود بوو. وەك دەزانیت دەرچوویەکی پۆلی شەشی بنەڕەتی لە ساڵی ١٩٨٦ دا گەورەترین خەڵاتی جیهانی ئیسلامی بەدەستهێنا، ئەویش خەڵاتی "مەلیك فەیسەڵ" بوو بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، کە لەوانەیە سەدان هەزار دۆلار بووبێت!

٤. ئایا گونجاو بوو؟ ئایا شیاو بوو؟

- زۆر گونجاو بوو، کات و شوێن و شێوازی زۆر گونجاو بوو. کاتێك مەسیحیەکان هێرشیان دەکردە سەر موسوڵمانان، ڕۆحی بەرگریمان زۆر لاواز بوو. ئەم پیاوە، شێخ ئەحمەد دیدات بوو بە سەرچاوەی ئیلهامی هەزاران گەنج، بەخۆشمەوە.



Scanned by CamScanner

٥. ئایا ئامانجەکەی پێوانە دەکرا؟

– بـەڵێ، هـەموو ئـەو کتێبانـەی کـۆکردەوە کـە مـژدەدەرە مەسیحیەکان لە دژی ئیسلام نوسیبویان و دەستی کرد بە وەڵام دانەوەیان. کاتێك هێرشیان دەکردە سەر ئیسلام و قورئان شێخ بەرپەرچی دەدانەوە و پەڕاوی خۆیان – ئینجیل – و ئایەتەکانی قورئانی بەکاردەهێنا بۆ وەڵام دانەوەیان.

٦. نیەتی چی بوو؟

– نیەتی ئەوە نەبوو بەناوبانگ بێت، نیەتی ئەوە نەبوو خەڵاتی مەلیك فەیسەڵ بەدەست بهێنێت. نیەتی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەر بوو ( درودی خوای لێ بێت ).

٧. ئایا بەردەوام بوو؟

– بـەڵێ، مـاوەی ١٤ سـاڵ هەوڵیـدا، وە ئەگـەر ژیننامەکـەی بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە نوسینگەکەی شوێنێکی تەنگ و بچوك بوو. تەنانەت بۆ چاپکردنی نامیلکەیەکی بچوکی ڕەش و سپی کۆبوونەوە سازدەکرا، دەیانوت با کۆببینەوە و بڕیار بدەین ئایا ئەم نامیلکە ڕەش و سپیەی بۆ چاپ بکەین یان نا.



Scanned by CamScanner

ئـەو جیاوازییـــەی دەیبیـــنین لـــەنێوان ئامانجەکـــەی "ویڵمـا ڕودۆڵف"و "شێخ ئەحمەد دیدات" دا ئەمەیە:

ئامانجەکەی ویڵما کورت مـەودا بـوو تـەنها بـۆ ئـەم دنیایە بـوو، بەڵام ئامانجەکەی شێخ ئەحمەد دیدات دوورمەودا بـوو وە بـۆ ڕۆژی دوایی بوو.

ئامـانجی زۆرێـك لـە ئێمـەی مـرۆڤ بەدەسـتهێنانی بـژێوی ژیانـە. ئەوەنـدەی بەخـــەمی بژێویـــەوەین ئەوەنـــدە بەخـــەمی چـۆنیەتی ژیانیەوە نین. وە ژیانمان بـە گـوێرەی بـژێویمان ڕێکدەخـەین: چـی بخۆین، چی لەبەرکەین، لەکوێ بژین، لـە کـام قوتابخانـە بخـوێنین، هەموو شتێکمان پەیوەستە بە بژێویمانەوە.

هەندێ کەس وادەزانێت کە پارەیەکی باشـی بەدەسـتهێنا، ئیتر ئامانجی ژیـانی بەدەسـتهێناوە. باسـی نمونـەی تیرهاویشـتنەکەمان کرد، زۆرێك لە ئێمە لەجیاتی ئـەوەی تیرەکـەمان ئاڕاسـتەی چـاوی باڵندەکە بکەین، بۆ هەرکوێیەك بێت دەیهاوێژین. لـە هـەر کۆلێـژێك بخوێنین، دوای دەرچـوون لـەخۆمان بپرسـین بۆچـی ئـەم کۆلێـژەم خوێند؟ دەڵێین: نازانم.

وەك دەزانین خەڵكی بیردەكەنەوە چەندە سامان بەدەست بهێنن، پاشان ژیانیان لەسەر بنچینەی ئەو سامانە پێكدەهێنن. ئەمەش ڕێك وەك ئەوە وایە كە تیرەكەت بە هەوادا بهاوێژیت پاشان بەدەست وێنەی باڵندەیەك لەدەوری تیرەكەت دروست بكەیت.

سەرەتا دەبێت بزانین چ شتێك بۆ ئێمە گرنگە و ژیانمان بە چ ئاڕاستەیەكدا دەسوڕێت. خەڵكی جیاواز شتی جیاوازیان بەلاوە گرنگە. هەندێ كەس خۆیان بەلاوە گرنگە و گوێنادەن بە كەس لەم جیهانەدا. هیچ شتێكیان بەلاوە گرنگ نیە خۆیان نەبێت، وە تەنها سەرقاڵی ڕیكخستنی ژیانی خۆیانن و ژیانی كەسی تریان بەلاوە گرنگ نیە.

هەندێ كەس خێزانی بەلاوە گرنگە و هەموو ژیانی تەرخان دەكات بۆ دڵخۆش كردنی خێزانەكەی. ئامادەیە هەموو یاسا و ڕێساكان پێشێل بكات لەپێناوی دڵخۆشی خێزانەكەی. مەبەست و ئامانجی ئەم كەسە لە ژیانیدا دڵخۆش كردنی خێزانەكەیەتی.

هەندێ کەس دایك و باوكیان بەلاوە گرنگە و هەموو یاسا و ڕێساكانی ژیانی بەدڵی دایك و باوكی دادەنێت.

خوا لە سورەتی (لقمان: ١٤- ١٥) دا دەفەرمویت: ﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ ﴾

واتە: وە فەرمانمان داوە بە ئادەمی (بەچاكی هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ) دایك و باوكی دا، دایكی هەڵی ئەگرێت بە دووگیانی (پێی لاواز دەبێت) لاوازی لە دوای لاوازی و بڕینەوەی لە شیر لە دوای تەمەنی دوو ساڵیەوە ( وە فەرمانمان بە ئادەمی دا) كە سوپاسگوزاری من و دایك و باوكت بكە، تەنها بۆلای منە گەڕانەوە. ئەگەر دایك و باوكت كۆششیان لەگەڵتدا كرد، تا بەبێ هیچ بەڵگە و زانیارییەك هاوەڵ بۆ من بڕیاربدەیت بەقسەیان مەكە، لە دنیاشدا هاوڕێ و هاوەڵ و خزمەتگوزارێكی چاك بە بۆیان لەهەموو



Scanned by CamScanner

بارودۆخێکـدا، شـوێنی ڕێبـازی ئەوانـە بکـەوە کـە بـۆ لای مـن گەڕاونەتـەوە، جـا هـەواڵتان دەدەمـێ بـەو کـارو کردەوانـەی کـە دەتانکرد.

هەندێ کەس هاوسـەرەکەی بـەلاوە گرنگـە. مێردەکـە دەیـەوێت دڵی ژنەکەی ڕازی بکات وە ژنەکە دەیـەوێت دڵـی مێردەکـەی ڕازی بکـات. وایـدانێ ژنێـک داوای ملوانکەیـەکی ئەڵماسـی بـەنرخ لـە مێردەکەی دەکات، وە مێردەکەی ناتوانێت بیکڕێت. چـی دەکـات؟ قەرز دەکات و دزی دەکات بۆ کڕینی ئەو ملوانکە ئەڵماسـە بەنرخـە بۆ ژنەکەی. ئامانجی ئەم پیاوە تەنها ڕازی کردنی دڵی ژنەکەیەتی.

هەندێکمان منداڵەکانمان بەلاوە گرنگە و دەمانەوێت دڵیـان ڕازی بکەین. هەندێجار حاڵەتی وا ڕوویداوە کوڕەکە دەیەوێت بۆ خوێنـدن بچێت بۆ دەرەوەی ولات. ئـەو کۆرسـەی دەیـەوێت بیخوێنێـت بـێ سوودە، نـە سـوودی هەیـە بـۆ دونیـا نـە بـۆ ڕۆژی دوایـی. تـەنها لەبەرئـەوەی ئـەم کـوڕە دەیـەوێت بچێت بـۆ دەرەوەی ولات، ئـەم کەسـە موڵکـەکانی بەبارمتـە دادەنـێ و کوڕەکـەی دەنێرێـت بـۆ

ئەمەریکا. کەواتە ئامانجی ئەم کەسە لە ژیانیدا بریتی یە لە ناردنی کوڕەکەی بۆ ئەمەریکا.

ئامانجی تۆ چیە؟ چ شتێکت لە ژیانتدا بەلاوە گرنگە؟

هەندێکمان کۆمەڵگەمان بەلاوە گرنگە و دەمانەوێت بزانین خەڵکانی دەرەوەی خێزانەکەمان چۆ بیر لە ئێمە دەکەنەوە. بۆیە هەموو ژیانمان بۆ کۆمەڵگە تەرخان دەکەین.

هەندێ کەس دراوسێکەی بەلاوە گرنگە، و ململانێی لەگەڵ دەکات. ئەم بابەتە چیرۆکێکم بیردەخاتەوە: جارێك فریشتەیەك دێت بۆ لای پیاوێك و پێی دەڵێت: من لە ژێر فەرمانی تۆدام، هەرشتێك داوا بکەیت بۆت جێ بەجێ دەکەم، بەلاّم یەك مەرجم هەیە هەرشتێك داوا بکەیت پێتدەبەخشم بەلاّم دوو ئەوەندە بە دراوسێکەشت دەبەخشم. کابرا دەڵێت: کاتژمێرێکی ڕۆلێکسم دەوێت. فریشتەکە کاتژمێرێکی ڕۆلێکسی پێدەبەخشێت، بەلاّم دوو کاتژمێری ڕۆلێکس دەدات بە دراوسێکەی. پیاوەکە دەڵێت: ئۆتۆمبێلێکی مێرسیدسم دەوێت. فریشتەکە ئۆتۆمبێلێکی



Scanned by CamScanner

مێرسیدسـی پێدەبەخشـێت، بـەڵام دوو ئۆتـۆمبێلی مێرسـیدس بە دراوسـێکەی دەبەخشـێت. پیاوەکـە دەڵێـت: خانوویـەکی گـەورەی خۆشـم دەوێـت. فرشـیتەکە خانوویـەکی گـەورەی خۆشـی پێدەبەخشـێت، بـەڵام دوو خـانووی گـەورەی خـۆش دەدات بـە دراوسێکەی. پیاوەکە دەڵێ: ئەی فریشتە تکایە دوایـین داوام جێ بـەجێ بکـە. فریشـتەکە دەڵێـت: داوای چـی دەکـەیت؟ پیاوەکـە دەڵێت: تکایە چاوێکم کوێر بکە با بە یەك چاو ببینم.

بیربکەرەوە... ئەم پیاوە ئەوەندە گرنگی بە دراوسێکەی دەدات ئەوەندە گرنگی بە خۆی نادات. گرنگ نیە بەلایـەوە ژیـانی سـادەیە یان ئاڵۆزە، هەژارە یان زەنگینە، تەنها گرنگـی بـەوە دەدات ژیـانی لە ژیـانی دراوسـێکەی خۆشـتربێت. بۆیـە داوای لـە فریشـتەکە کرد چاوێکی کوێر بکات تاوەکو هەردوو چاوی دراوسێکەی کـوێر بکـات. ئەو گرنگی بەوە نەدەدا کە خـۆی دڵخۆشـە یـان نـا، دەبینێـت یـان نابینێت. مادام دراوسێکەی بەتەواوی کوێر دەبێـت بەلایـەوە گـرنگ نیە ئەویش چاوێکی لەدەست بدات.



Scanned by CamScanner

هەندێ کەس هـاوڕێی بـەلاوە گرنگـە. هەنـدێ کـەس گرنگـی بـە دوژمنی دەدات. هـەموو ژیـانی تـەرخان دەکـات بـۆ ئـەوەی بزانێـت نەیارەکـەی چـۆن بـیر لـە ئـەو دەکاتـەوە. بۆیـە بـیر لـە پلانـدانان دەکاتەوە:" ئەگەر دوژمنەکەم ئەمە بکات، منـیش ئـەوە دەکـەم".

نمونەی ئەم کەسانە لە زۆر بواری جیاوازدا هەن: بازرگان هەیـە بـیر لە دوژمن دەکاتەوە، سیاسەتمەدار هەیە بیر لـە دوژمـن دەکاتـەوە، خوێندکار هەیە بیر لە دوژمن دەکاتەوە، هتد.

دەمـەوێت ئامۆژگاریـەکی جـوانی ئـەم کەسـانە بکـەم. ئەگـەر کەسێك بەردی تێگرتیـت، هێنـدە خـۆت بـەرز ڕابگـرە کـە بەردەکـە پێتنەگات. ئیتر ململانێ چۆن دروست دەبێت؟ ئیتر پلانی دوژمن لە کوێ پەیدا دەبێت؟ ئەگەر کەسێك خشـتی تێگرتیـت، بـەو خشـتانە خانوێك دروست بکە.

هەنـدێ کـەس ناوبانگیـان بـەلاوە گرنگـە، ئامانجیـان لـە ژیانـدا ئەوەیە بەناوبانگ بن. هەموو ڕێسا و یاساکان پێشێل دەکەن تـەنها بۆئەوەی بەناوبانگ بن.



Scanned by CamScanner

هەندێ کەس مادەیان بەلاوە گرنگە. تەنها گرنگی بەوە دەدەن چییان هەیە و چی لەبەر دەکەن. ئەمەش زۆر باوە لە نێوان دەوڵەمەنەکاندا، کاتێک هاوڕێکانیان دەبینن و دەست دەکەن بە گفتوگۆ: چ جۆرە کاتژمێرێك لەدەست دەکەیت؟ کاتژمێری تایگەر؟ ئۆمیگا؟ یان ڕۆلێکس؟ قایش لەدەست دەکەیت یان زنجیر؟ کاتژمێرەکەت زێڕە یان ئەڵماس؟ لە جۆری دیزاینەرە یان لەجۆری فلیپ؟

هەندێك لەم کەسە زەنگینانە چەندین جۆر کاتژمێریان هەیە. ڕۆژانە پلان دادەنێن کامیان لەدەست بکەن و دەڵێن: ئەمڕۆ ئەم کاتژمێرەم لەدەستکردووە، جارێکی تر چووم بۆ دیدەنی هاوڕێکەم جۆرێکی دیکە لەدەست دەکەم. زۆربەی کاتەکانی ژیانیان بە بیرکردنەوە لە کاتژمێرەکانیان بەهەدەر دەدەن. هەندێکیان بەردەوام باسی ئۆتۆمبێل دەکەن: ئۆتۆمبێلەکەت چ جۆرێکە؟ بی ئێم دەبلیو؟ مێرسیدس؟ ئۆو، پۆرش؟ ڕۆلس ڕۆیس؟ مایباخ؟ بێنتلی؟ دیزاینەر؟ هەندێجار ئەمە بووە بە ناسنامەیان. ئەگەر ئەم

جۆرە کاتژمێرە لەدەست نەکەن، ئەی بەچیدا بناسرێنەوە؟ ئەگەر بە ئۆتۆمبێلی بی ئێم دەبلو یان مێرسیدس گەشت نەکەن، ئەی بەچیدا بناسرێنەوە؟ ئەمە لەناو دانیشتوانی دەوڵەمەندی شارە گەورەکاندا باوە. دەبینیت کاتێك دەست دەکەن بەگفتوگۆ بە یەکتر دەڵێن: چ کارێك دەکەیت؟ چ جۆرە کەشتیەکت هەیە؟ ئایا فڕۆکەی تایبەتت هەیە؟ چەند بزوێنەری هەیە؟

ڕەنگە ئێستا بپرسیت چۆن ناو و جۆری ئەو کاتژمێر و ئۆتۆمبێلانە دەزانم؟ خۆت پیشەکەم دەزانیت... سوپاس بۆ خوا، خۆشبەختانە یان بەدبەختانە کارەکەم واملێدەکات لەگەڵ هەموو جۆرە خەڵکێکدا تێکەڵ ببم لە هەژارێکەوە تا پاشایەك. وە کاتێك کەسێکی مادەپەرست دەبینم هەلەکە دەقۆزمەوە و هەوڵ دەدەم پەیامەکەمی پێبگەیەنم و پێی دەڵێم: دەزانیت ئەو کاتژمێرەی تۆ نرخی هەزاران دۆلارە یان سەدان هەزار دۆلارە و کاتژمێرەکەی منیش نرخی کەمتر لە ٣٠ دۆلارە و چەند ساڵێکیشە هەمە، بەهەمان شێوەی ئەوەی تۆ کاتم بۆ دیاری دەکات.

ئەم کاتـژمێرەی دەسـتم نرخـی تـەنها ٣٠ دۆلارە و سـوپاس بۆ خوا ئەوە نیعمەتی خوایە پێی بەخشیوم وە هەموو ئەو مارکانەشی کە باسـم کـرد بـە دیـاری بـۆم هـاتوون وە مـن هەمیشـە گوێڕایـەڵی ڕێنماییەکانی پێغەمبەرم (درودی خوای لێبێت) بۆیە بەخشیومن بە کارمەندەکانی هاوڕێم تاوەکو دووربم لە هەنگاوەکانی شەیتان.

لەچەند بۆنەیەکدا، کاتێك بانگێشتکراوم بۆ وڵاتێـك ئـەو کەسـەی بانگێشتی کردووم فڕۆکەی تایبەتی ناردووە بەشوێنمدا تا بمبات بۆ ئـەو وڵاتـە. بیربکـەرەوە بـۆ گەیانـدنی تـەنها پیاوێـك فڕۆکەیـەکی تایبـەت بنێریـت! بیربکـەرەوە لـە سـوتەمەتی ئـەو فڕۆکەیـە، لـە موچەی فڕۆکەوانەکە، لە کرێی بـەکرێگرتنی فڕۆکەخانـە! بۆیـە بـەو پیاوەم ووت: من پیاوێکی بانگخوازم، لەجیاتی ئـەوەی ئـەم هـەموو پارەیـە خـەرج بکـەیت واباشـتر بـوو ئەگـەر بـە فڕۆکەیـەکی ئاسـای بتهێنامایە و باقیەکەی تری لە ڕێی خوادا ببەخشـیت. ئـەو کەسـەی میوانداری دەکردم ماشاءالله کەسـێکی زیـرەك بـوو وتـی: ئـەی کـێ شایەنی ئەوەیە من فڕۆکەی تایبەتی خۆم بە دوایدا بنێرم؟ کـێ لە

بانگخوازێك شـایەنترە؟منیش وتم: إن شـاءالله ئەگـەر نیـەتت ئـەوە بێت، پاداشتەکەی وەردەگریت. ئەو نیـەتی ئـەوە بـوو بـە باشـترین شێوە ڕەفتار بکات لە گەڵ بەندەیەکی خوادا.

سـوپاس بـۆ خـۆا، خـوا نیعمـەت و بەخششـی خـۆی ڕشـتووە بەسەر خێزانەکەمدا وە دەتـوانین هـەرجۆرە ئۆتۆمبێلێـك بمانـەوێت بیکڕین، وە دەتوانین بە بلیتی پلە یەك گەشت بکەین.

مـن نـاڵێم هـەموو شـتە مادیـەکان حـەرامن. ئامانجت چیە لـە بـەکارهێنانی ئـەو شـتانە، ئـەوە دیاریـدەکات حـەرامن یـان نـا. بـا نمونەیەکت بـۆ بهێنمـەوە: وایـدانێ تـۆ لـەو کەسـانەیت کـە نـاتوانن کاتژمێری بەنرخ و ئۆتـۆمبێلی بـەنرخ و خـانوی جـوان بکـڕن، بـەڵام دەچیت قەرزدەکەیت و کاتژمێر و ئۆتۆمبێلی بەنرخ دەکڕیت. ئـەوە پێی دەوترێت زیادەڕەوی (إسراف) ئەوە حەرامە.



Scanned by CamScanner

هەندێك كـەس خـوا نیعمـەتی پێبەخشیوون، وەك لـە سورەتی (النحـل: ٧١) دادەفـەرموێت: ﴿ وَٱللَّهُ فَضَّلَ بَعۡضَكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ فِي ٱلرِّزۡقِۚ ... ﴿٧١﴾ ﴾

واتە: خوا لە بەخشینی رزق و ڕۆزیدا بەشی هەندێكتانی زۆرتر داوە لە هەندێكی ترتان.

بـەڵام لـە سـورەتی (الانعـام) دا دەفـەرموێت: ﴿ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ ... ﴿١٦٥﴾ ﴾

واتە: چەندەها پلە و پایەی هەندێكتانی بەسەر هەندێكی ترتاندا بەرزكردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی تاقیتـان بكاتـەوە بـەوەی كـە پێـی بەخشیون.

كەواتە ئەگەر خوای گەورە هەموو ئـەم شـتانەی پـێ بەخشـیت: ئۆتۆمبێل بەنرخ و كاتژمێری گرانبەها و خانووی گەورە و جوان، وە ئەگەر هەموو ژیانت تەرخان بكەیت بۆ ئەم شتانە و نەتوانیت بـەبێ ئەمانە بژیت، هەموو گرنگی مەبەستێكی ژیانت ئـەم شـتانە بێـت، ئەوە حەرامە.



Scanned by CamScanner

ئەگەر لەو جۆرە کەسانەیت کە خوا نیعمەتی پێبەخشیوون هەموو ئەم شتانەت هەیە کە باسمانکرد، بەڵام گرنگی پێنادەیت و پشتی پێ نابەستیت و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی خوا بەکاریدەهێنیت، ئەوە موباحە و حەرام نیە. نمونەی پێغەمبەر سولەیمانمان هەیە (سەلامی خوای لێ بێت)، دەوڵەمەند بوو هەموو شتێکی هەبوو بەڵام گرنگی پێ نەدەدا.

جۆری چوارەم باشترین جۆرە. خوای گەورە هەموو شتێکی پێ بەخشیوویت بەڵام بەکاری ناهێنیت و گرنگی پێنادەیت، وەك پێغەمبەر موحەمەد (درودی خوای لێ بێت).

پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەسەڵاتی هەبوو، ناوبانگی هەبوو، دەیتوانی ببێت بە پاشای جیهان و خاوەنی هەموو سامانی سەر زەوی، کاتێك دیارییەکیان بۆ دەبرد دەیدا بە هاوەڵەکانی. ئەگەر کەسێك دیارییەکی پێدایت دەتوانیت بۆ خۆت بەکاری بهێنیت، ئەوە حەرام نیە. بەڵام پێغەمبەر هەمووی دەیدا بە کەسانی تر. جۆری چوارەم خوای گەورە هەموو نیعمەتێکی پێداون، بەڵام لە ڕێی خوادا دەیبەخشن.



Scanned by CamScanner

دەبێت بزانین لە ژیانماندا چیمان بەلاوە گرنگە. باشترین و گرنگترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە ڕەزامەندی خوای بەلاوە گرنگ بێت. دەبێت ئامانج و مەبەستەکانی تەنها بۆ ڕەزامەندی الله و موحەمەد بێت (درودی خوای لێ بێت). ئەگەر گرنگی بە ڕەزامەندی خوا بدەیت، ئەمە مانای وانیە کە تۆ خۆت و خێزانەکەت فەرامۆش دەکەیت. خوا خۆی دەفەرموێت گرنگی بە خۆت بدە: شەو بنوو، چاودێری خێزانەکەت بکە، خوای گەورە دەربارەی دایک و باوک دەفەرمووێت:

﴿ ۞ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ ﴾ (الإسراء)

واتە: وە پەروەردگارت بڕیاریداوە کە هیچ شتێک نەپەرستن بێجگە لە ئەو، وە لەگەڵ دایک و باوکتان چاکە بکەن. ئەگەر



Scanned by CamScanner

یەکێکیان یان هەردووکیان لای تۆ پیربوون قسەی ناخۆشیان پێ مەڵێ تەنانەت ئۆفیش، وە تێیان مەخوڕە و پێیاندا هەڵمەشاخێ بەڵکو وتەی نەرم و شیرینیان لەگەڵدا بەکاربێنە. باڵی خۆ بەکەمزانینیان بۆ ڕابخە لەبەر بەزەیی و میهرەبانیت. پێیان بڵێ ئەی پەروەردگارم ڕەحمیان پێ بکە هەرچۆنێ ئەوان منیان پەروەردە کرد بە منداڵی.

واتە ئەگەر تۆ ڕەزامەندی خوات بەلاوە گرنگە دەبێت دایک و باوکت خۆش بوێت و ڕێزیان لی بگریت و گوێڕایەڵییان بکەیت، مەگەر کاتێک فەرمانت پێبکەن بۆ دژایەتی کردنی خوا و پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت). وەك خوا لە سورەتی (لقمان: ١٤-١٥) دا بۆمان باس دەکات.

ئەگەر تۆ ڕەزامەندی خوات بەلاوە گرنگە، مانای وانیە تۆ هاوسەرەکەت فەرامۆش دەکەیت. لە (مسند)ی ئیمام ئەحمەد دا، لە فەرمودەی ژمارە (٧٣٩٦) دا پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( خيركم خيركم لِأهله ).

واته: باشترینتان ئەوانەن کە بۆ خێزانەکانتان باشن.

ویستنی ڕەزامەنـدی خـوا مانـای فـەرامۆش کردنـی خێـزان و کۆمەڵگە نیە، خوای گەورە لە سورەتی (الماعون) دا دەفـەرموێت: یارمەتی و دەستگیرۆیی دراوسێکانت بکە.

پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت). لە (صحیح البخاری) بەرگی یەکـەم، بەشـی ئیمـان، فـەرمودەی ژمـارە (١٣) دا دەفـەرموێت: لایؤمن أحدکم حتی یحب لأخیه ما یحب لنفسه.

واته: ئیمانی تەواو نیە ئەو کەسەی هەرچی بۆ خۆی پێی خۆش بێت، بۆ براکەی پێی خۆش نەبێت.

مانای ئەوەیە گرنگی بە خەڵك بدە، گرنگیدان بەڕەزامەندی خـوا مانای ئەوە نیە کە وەك سواڵکەر بژیت. دەبێـت مەبەسـتەکەت خـوا بێـت، خـوا هـەر سـامانێکی پـێ بەخشـیت یـان ناوبـانگێکی پـێ بەخشیت، یان بەهرەیەکی پێبەخشیت بۆ مەبەستی ڕەزامەندی ئەو بەکاریان بهێنـە. باشـترین نمونـە بـۆ مـرۆڤ، باشـترین پێشـەنگ کـە ڕەزامەندی خوای بـەلاوە گرنـك بێـت بـریتی یـە لـە کۆتـا پێغەمبـەر



Scanned by CamScanner

(درودی خوای لیّ بیّت). خوای گەورە لە سـورەتی (الأنبیـاء: ١٠٧)

دا دەفەرمویّت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾

واتە: ئەی موحەمـەد (درودی خـوای لـیّ بیّـت) تۆمـان تـەنها بـۆ ئەوە ناردووە کە ڕەحمەت بیت بۆ جیهان.

پیّغەمبەر (درودی خوای لیّ بیّت) باشترین مرۆڤ بوو وە باشـترین ئامانجی هەبوو لە ژیانیـدا. باشـترین نمونـە بـوو بـۆ مرۆڤایـەتی کـە توانی مرۆڤ لە دڕنـدەوە بگۆڕیّـت بـۆ مـرۆڤ. کاتیّـك میّـژووی ژیـانی دەخویّنینەوە، دەتوانین چەندین ڕۆژ بە بـەردەوامی باسـی بکـەین. وەسف و وتەی موسوڵمانان دەربارەی پیّغەمبەر (درودی خوای لـیّ بیّت) وازلیّبیّنە، دەتوانین سەدان وتە و وەسفی ناموسوڵمانەکان بـە نمونە بهیّنینەوە.

" جـۆرج بـەرنارد شـۆ "[٣] لـە وتەیەکیـدا دەربـارەی پیّغەمبـەر (درودی خوای لیّ بیّت) دەڵیّـت: "مـن ژیاننامـەیم خویّندووەتـەوە،

[٣] . ڕەخنـەگر و شانۆنوسـی ئیّرلەنـدی، جـۆرج بـەرنارد شـۆ لـە بـەرواری ٢٦ی تـەموزی ١٨٥٦دا لـە دایك بـووە و زیـاتر لـە ٦٠ شـانۆنامەی نوسـیووە. کاریگەرییـەکی گـەورەی

وە بە بۆچوونی من ــ بـەدوور لـە دژایـەتی کردنـی مەسیحیەت ـ دەبێت پێی بووترێت ڕزگارکەری مرۆڤایەتی".

مێژوو نوسی ئەورووپی بەناوبانگ "تۆماس کالایل"[٤] لە کتێبێکیدا دەربارەی پاڵەوانەکانی جیهان، پێغەمبەر موحەمـەدی بە پاڵـەوانی ژمارەیەك داناوە.

بیربکـەرەوە " تۆمـاس کالایـل " ئەورووپیـەکی مەسـیحی پێغەمبەری بە پاڵەوانی ژمارە یەك داناوە!

مێژوو نوسی بـەناوبانگی فەرەنسـی " لامـارتین "[٥] کـە مێژووی تورکیای نوسیوە لە وەسفی پێغەمبەردا دەڵێـت: "ئەگـەر ئامـانجی

---

هەبووە لەسەر سیاسـەت و کلتـور و شـانۆی ڕۆژئـاوا. لـە بـەرواری ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٥٠ دا کۆچی دوایی کردووە.

٤. مامۆستا و مێژوونوس و فەیلەسوفی سکۆتلەندی، تۆماس کالایل لە بەرواری ٤ی کانونی یەکەمی ١٧٩٥دا لە دایك بووە. بەناوبانگترین وانەبێژی سەردەمی خۆی بووە. لە بەرواری ٥ ی شوباتی ١٨٨١دا کۆچی دوایی کردووە.

٥. شاعیر و مێژوونوس و ساسـەتمەداری فەرەنسـی، لامـارتین لـە بـەرواری ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٧٩٠دا لە دایك بووە. یەکێك بووە لە گرنگترین داکەزرێنەرانی دەوڵەتی کۆماری فەرەنسای نێوان سالآنی ١٨٤٨-١٨٥١. لەبەرواری ٢٨ی شوباتی ١٨٦٩ دا کۆچی دوایی کردووە.



Scanned by CamScanner

مەزن و ئیمکانیاتی کەم و ئـەنجامی سەرسـوڕهێنەر، سێ پێـوەربن بۆ هەڵسـەنگاندنی کەسایەتی مـەزن، ئـەوا لـە مێـژووی نوێدا هـیچ کەسێك ناگاتەوە بە پێغەمبەر موحەمەد (درودی خوای لـێ بێـت)".

"لامـارتین" بـەردەوام دەبێــت و دەڵێت:"بـە گـوێرەی هــەموو پێوەرەکانی مرۆڤایەتی، هیچ کەس بە پێغەمبەر (درودی خـوای لـێ بێت) بەراورد ناکرێت".

مێژوونوسی بەناوبانگ "مایکڵ ئێچ هارت"[٦] کتێبێکی نوسیوە بە ناونیشانی:"١٠٠ کاریگەرترین کەسـایەتی جیهـان لـە مێژوودا" لـە ئادەمەوە تا ئێسـتا، وە پێغەمبـەری (درودی خـوای لـێ بێـت). لـە ژمـارە یەکـدا دانـاوە. کاریگـەرترین کەسـایەتی لـە جیهانـدا لـە ئادەمەوە (درودی خوای لێ بێت) تا ئێستا، بریتی یە لـە پێغەمبـەر موحەمەد (درودی خوای لێ بێت).

---

[٦]. نوسەر و زانای فیزیای ئەستێرەناسی ئەمەریکی، مایکڵ ئێچ هـارت لـە بـەرواری ٢٧ی نیسانی ١٩٣٢دا لە دایك بووە. یەکێك بووە لەو کەسـانەی کـە هەوڵیـداوە بـۆ بـەرەوپێش بردنی کلتور و ڕۆشنبیری و ئابووری سپی پێستەکان.

وه "مایکڵ ئێچ هارت" دەڵێت:"دانانی موحەمەد لە پلەی یەکەم زۆر کەس سەرسام دەکات و زۆر کەس باوەڕ ناکات. بەڵام هۆکاری هەڵبـژاردنی پێغەمبـەر موحەمـەد (درودی خـوای لـێ بێـت) لای من ئەوەیە: ئـەو تـەنها کەسێك بـوو لـە مێژوودا کـە لـە بـواری دین و دونیادا سەرکەوتوو بوو".

کاتێـك کتـێبی " ئینسـایکلۆپیدیا بریتانیکـا " بـەرگی یانزەیـەم دەخوێنیتــەوە، دەربــارەی پێغەمبــەر (درودی خــوای لــێ بێــت) دەڵێت:" پێغەمبەر موحەمەد سەرکەوتووترین کەسایەتی ئاینیە لـە جیهاندا ".

ناچــاربوون وا بنوســن، ئەگــەر بیانــەوێت ڕاســتگۆبن دەبێــت ڕاستیەکان باس بکەن. خوای باڵادەست لە سورەتی (الإسـراء: ٨١) دا دەفەرموێت: ﴿ وَقُلۡ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَزَهَقَ ٱلۡبَٰطِلُۚ إِنَّ ٱلۡبَٰطِلَ كَانَ زَهُوقٗا ﴿٨١﴾ ﴾

واتە: هەروەها بڵێ: تازە حەق و ڕاستی هاتووە و بـەرپا بـووە، بـەتاڵ و ناحـەقی، پـووچ و تـەفرو توونـا بـووە. بەڕاسـتی ناحـەق و بەتاڵ هەر تیاچووە و جێگیر نەبووە و بەزیووە.



Scanned by CamScanner

خوای گەورە لە سورەتی (القلم: ٤) دا دەفەرموێت:﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾

واتە: بەڕاستی تـۆ لەسـەر ڕەوشـت و خوویـەکی ئێجگـار بـەرز و گەورەیت.

خوای گەورە لە سورەتی (الأحزاب: ٢١) دا دەفـەرموێت: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ...۝٢١ ﴾

واتـە: سـوێند بـەخوا بەڕاسـتی لـە پێغەمبـەری خـوادا چـاکترین نمونەی تەواو و ڕێك و پێك هەیە.

پێغەمبەر (درودی خوای لـێ بێـت) لـە هـەموو بوارەکـانی ژیانـدا سـەرکەوتوو بـوو، نـەك تـەنها لـە بـواری ئاینیـدا بـەڵکو لـە بـواری سیاسی و دونیایی و بەڕێوەبردنی ژیاندا سەرکەوتوو بوو وە دەبێت لە هەموو بوارێکدا چاوی لێبکرێت و لاسایی بکرێتـەوە. ئەگـەر لـە شـێوازی جـل و بەرگـدا لاسـایی بکەیتـەوە إن شـاءالله پاداشـت وەردەگریـت. پێغەمبـەر (درودی خـوای لـێ بێـت) فەرمانـدەکات



Scanned by CamScanner

پۆشاکەکەت لە سەروو قولەپێتەوە بێت، ئەگەر پۆشاکەکەت تا قولەپێت کورتکردەوە إن شاءالله پاداشت وەردەگریت. بەپێچەوانەوە ئەگەر دەتەوێت ببیتە زانایەکی وەک ئیسحاق نیوتن، قژی درێژ و پێڵاو و پۆشاک یارمەتیت نادات. ئەگەر دەتەوێت وەک پێغەمبەر بیت، هەر کارێک کە پێغەمبەر کردویەتی لاسایی بکەیتەوە، سوودمەندی دونیا و دواڕۆژ دەبیت. ئەو فەرمان دەکات ریش بەردەیتەوە، ئەگەر ریشت بەربدەیتەوە إن شاءالله سودمەند دەبیت.

پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سەرکەوتوو بوو، ئەو باشترین نمونەیە دەبێت هەموو مرۆڤێک شوێنی بکەوێت. لە مێژووی ئیسلامدا چەند کەسێکی نمونەییمان هەیە، بۆنمونە ئەو دە کەسەی کە هەر لە دنیادا مژدەی بەهەشتیان پێدراوە. لە (سنن الترمذي) بەرگی چوارەم، فەرمودەی ژمارە (١١٧١) دا پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) مژدەی بەهەشت دەدات بە دە کەس: ( ئەبو بەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتاب،

عوسمانی کوڕی عەفان، عەلی کوڕی بەبی تالیب، تەلحەی کوڕی عوبەیدولا، زوبێری کوڕی عەوام، عەدولڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی بەبی وەقاس، سەعیدی کوڕی زەید، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح ). ئەم دە کەسە لە دونیادا لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) مژدەی بەهەشتیان پێدرا.

ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە کەسی نمونەیی دیکەشمان هەیە، بەلام لێرەدا بوار نیە باسیان بکەین. هەروەها ئافرەتی نمونەییشمان هەیە، باشترین نمونە: مەریەمی دایکی عیسا پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت). خوای گەورە لە قورئاندا لە سورەتی (آل عمران: ٤٢) دا دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ يَـٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصْطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾

واتە: هەروەها یادیان بهێنە کاتێک جبریلی فریشتە وتی: ئەی مەریەم بەڕاستی خوا تۆی هەڵبژارد و پاکی کردیتەوە (لە هەموو خووڕەوشتێکی ناشیرین) وە ڕێزی داویت بەسەر هەموو ژنانی جیهاندا.

مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەڵبژێرا و ڕێزی درا بەسەر ئافرەتانی هەموو جیهاندا.

نمونەیەکی دیکە: ئاسیای خێزانی فیرعەون (خوا لێی ڕازی بێت). خوا لە سورەتی (التحريم: ١١) دا دەفەرموێت:

﴿... إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١١﴾﴾

واتە: هاوسەرەکەی فیرعەون وتی: پەروەردگارا لەلای خۆت لە بەهەشتداماڵێکم بۆ دروست بکە و لە دەست فیرعەون و کاروکردەوەی ڕزگارم بکە و لە دەست ئەم قەومە ستەمکارەش دەربازم بکە.

ئاسیا هاوسەری دەوڵەمەندترین و بەهێزترین کەسی ئەو سەردەمەبوو بە خوای ووت هەموو سەروەت و سامانی فیرعەون دەگۆڕمەوە بە ماڵێك لەلای خۆت لە بەهەشتدا.

نمونەیەکی تر: خەدیجەی یەکەم هاوسەری پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)، وە فاتیمەی کچی پێغەمبەر (درودی خوای لێ



Scanned by CamScanner

بێت). ئەمانـە نمونـە بـوون بـۆ ئافرەتـان. نمونـەی باشـترین ژن و مێردیشمان هەیە، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لیّ بێت) و خەدیجە (خوای لیّ ڕازی بێت).

هـەروەها نمونـەی خـراپترین ژن و مێردیشـمان هەیـە، وەك ئـەبولـەهەب و خێزانی. خوای گەورە لـە سـورەتی (المسد: ٣-٤) دا دەفـــەرموێت: ﴿ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴿٣﴾ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴿٤﴾ ﴾

واتـە: لـە ئاینـدەدا دەخرێتـە ئـاگرێکی بلێسـەدارەوە. هـەروەها ژنەکەشـی کـە هەمیشـە هـەلگری کۆڵـەدارە و (ئـازاری پێغەمبـەر دەدات).

نمونەی باشترین مێرد و خراپترین ژنمان هەیە. خوا لە سورەتی (التحریم: ١٠) دا دەفەرموێت:

﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱمْرَأَتَ نُوحٍ وَٱمْرَأَتَ لُوطٍ ۖ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَٰلِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ﴿١٠﴾ ﴾



Scanned by CamScanner

واتـە: خـوا بـۆ بـێ بـاوەڕان ژنـی نـوح و ژنـی لـووتی بـە نمونە هێنایەوە کە لە ژێر نیکاحی دوو بەندەدا بوون لە بەنـدە چاکەکانی ئێمـە ئینجـا خیانـەتیان لەگـەڵ کـردن کەچـی (مێردەکانیـان) نەیانتوانی شتێك لە سزای خوایان لێ دوور بخەنەوە وە پێیـان وترا کە بڕۆنە ناو ئاگرەوە لەگەڵ ئەوانەی کە دەڕۆنە ناویەوە.

نمونـەی باشـترین ژن و خـراپترین مێردیشـمان هەیـە ــ ئاسیای خێزانـی فیرعـەون ــ وەك پێشـتر باسمـانکرد. فیرعـەون خـراپترین مێردو ئاسیا باشترین ژن بوو. نمونەی دیکـەشمان زۆرە. پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە (صحیح مسـلم) بـەرگی چـوارەم، بەشی قەزا و قەدەر، فەرمودەی ژمارە (٦٤٤١) دا دەفـەرموێت: ( المؤمن القوي خير و أحب إلى الله من المؤمن الضعيف...)

واتـە: بـڕواداری بـەهێز چـاکترە و خۆشەویسـترە لای خـوا لـە بڕواداری لاواز.

لەم سەردەمەی خۆشماندا چەندین نمونـەمان هەیـە. بـۆ نمونـە: شێخ ئیبن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) توانایـەکی کـەمی هـەبوو،

وە نابیناش بوو لەگەڵ ئەوەشدا باشترین زانای سەردەمی خۆی بوو. پێشتر باسی شێخ ئەحمەد دیداتم کرد، دەرچوویەکی پۆلی شەشی بنەڕەتی بوو، بەرپەرچی زاناکانی مەسیحیەتی دایەوە.

نمونەیەکی دیکەمان هەیە، پیاوێکی مەزن نیە بەڵام بێ وێنەیە، ئەویش خۆمم (زاکیر نایك). هەرچەندە خۆم بە مەزن نازانم بەڵام کەسێکی بێ هاوتام. ئەو کەسانەی کە شارەزای منداڵیمن دەزانن کە بە منداڵی زمانگیرانم هەبوو. ئەگەر کەسێك لێی بپرسیمایە: ناوت چیە؟ دەمووت: ناوم زازازازاکیرە. من لە منداڵیەوە زمانگیرانم هەبوو دواتر ئیلهامم لە شێخ ئەحمەد دیدات وەرگرت. کاتێك پزیشکیم دەخوێند خەونم ئەوە بوو ببمە باشترین پزیشکی نەشتەرگەری جیهان، بەڵام هەرگیز خەونم ئەوە نەبووە لەبەردەم ٢٥ کەسدا قسەبکەم. سوپاس بۆ خوا، بەیارمەتی خوا بە شێخ ئەحمەد دیدات کاریگەر بووم. ئێستا ئەم بەندەی خوا، ماشاءالله لەبەردەم سەدان هەزار کەس قسەدەکەم. پێش کاریگەر بوونم بە شێخ ئەحمەد دیدات ئامانجم بوو ڕێکخراوێکی ئیسلامی دروست



Scanned by CamScanner

بکەم نەك بۆ ئەوەی ببمە وتاربێژ بەڵکو بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێك بۆ پێگەیاندنی وتاربێـژ. وەك دەوترێـت ئەگـەر ناتوانیـت ببیتـە پاشا، دەتوانیت پاشا دروست بکەیت. من نەمدەتوانی ببمە وتاربێژ، بۆیـە ڕێکخراوێکم دامەزراند بۆ پێگەیاندنی وتاربێژان. قەدەری خوا وابـوو لـە کۆڕێکـدا وتاربێـژی سـەرەکی نـەیتوانی ئامادەبێـت، ناچـار مـن چـوومە سـەر سـەکۆی وتـاردان. بۆمدەرکـەوت کاتێـك وتـار بـۆ ناموسوڵمانان دەدەم زمانم ناگیرێت.

کاتێك لەگەڵ موسوڵمان قسەدەکەم زمانم دەگیرێت، بەڵام کاتێك لەگەڵ ناموسوڵمان قسە دەکەم زمـانم ناگیرێـت! عادەتـەن خـەڵکی لەسەر سەکۆی وتاردان زمانیان دەگیرێت، سـوپاس بـۆ خـوا کاتێـك دەچوومە سەر سەکۆ زمانم نەدەگیرا، ئەوە قـەدەری خوایـە! خوای گـەورە مـنی لـە دکتـۆری جەسـتەوە کـرد بـە دکتـۆری ڕۆح. سـاڵی ١٩٨٧ شۆفێری شێخ ئەحمەد دیدات بـووم بـۆ هـەرکوێ بیویسـتایە دەمگەیاند. یەکەمجار کە بینیم لێم پرسـی: مامـە، بۆچـی ئەوەنـدە توند و تیژیت؟ پێی وتم: کوڕم، من توند و تیژ نیم، من جەنگاوەرم.



Scanned by CamScanner

دەتوانیت لە دوو ڕێگەوە لەگەڵ شەیتان بجەنگیت: بە ئاو یان ئاگر. من ئاگرم هەڵبژارد.

کاتێـک منـیش دەسـتم بـە بـانگخوازی کـرد، شـێوازێکی زۆر نەرمونیانم هەڵبژارد، بەڵام ئەنجامی نەبوو. لە کۆلێژی پزیشکیەوە دەستم بە بانگخوازی کرد. پاشان بووم بە جەنگاوەر، جـەنگاوەرتر لە شێخ ئەحمەد دیدات. سوێند بەخوا ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەری هـەبوو. هـاوڕێ موسـوڵمانەکانم بـەجێیان دەهێشـتم و مـن بەتـەنها لەگەڵ ناموسوڵمانەکان دەمامەوە. دوای ئـەو ئەنجامانـەی کـە وەك جەنگاوەر بەدەستم هێنا، ماشاءالله خوا ڕێنمـونی کـردم و تـا زیـاتر ئاستم بـەرز دەبـووەوە، نـەرمونیانتر دەبـووم. کاتێـك پرسـیارێکی بێزارکـەریان لێـدەکردم پێدەکـەنیم. بۆیـە شـێخ ئەحمـەد دیـدات نازناوی "دیداتی گەورە"ی پێبەخشیم. پاشان کاتێك بینیمی پێـی وتم: کـوڕم، ئـەوان پرسـیاری بێزارکـەرت لـێ دەکـەن و تـۆ پێدەکـەنیت؟ دواتـر پێـی وتم: کـوڕم، ئـەوەی مـن لـە چـل ساڵدا بەدەستم هێنا، تۆ لە چوار ساڵدا بەدەستت هێنا.

سوپاس بۆ خوا، ئەگەر سەیری مێژووی ژیانم بکەیت، من کەسێك بووم هەمیشە هەوڵم بۆ باشترین داوە. هەرگیز بە پلەی دووەم ڕازی نەبووم. لەبیرمە بە منداڵی باشترینی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانم دەویست. ئێستا خولیاکەم گۆڕیوە بۆ بەدەستهێنانی باشترین شت لەپێناوی خوادا. دەمەوێت باشترین کامێرا و باشترین ئامێری تەکنیکیم هەبێت، تەنها بۆ گەیاندنی پەیامی خوا. پاش تێبینی کردنی "خەڵاتی گرامی" و "خەڵاتی ئۆسکار" ، کە مەبەستەکانیان حەرامن، وە پێشکەوتنیان لە بواری زانست و تەکنۆلۆجیادا، ئێمەش پلانمان داناوە چۆن وەك ئەوان بکەین، بەڵام لەپێناوی خوای گەورەدا. ئێمە مەبەستەکەمان جیاوازە و ڕەزامەندی خوامان مەبەستە.

بەجیهانی نیشان دەدەین کە ئێمەی موسوڵمانیش باشترین شتمان دەوێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا. هەریەکە لەئێمە باشترین نوسینگەی کارکردنی دەوێت لە ماڵەکەیدا کە ڕازاوە بێت بە مەڕمەڕی ئیتالی، من لەنوسینگەکەمدا (ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی

ئیسلامی) مەرمەڕی ئیتالیم هەیە. بەلام لە ماڵەکەمدا مەرمەڕم نیە، بۆچی؟ لەو شوێنەی کە خەڵکی دێن و دەربارەی ئاینی خوا فێردەبن، دەمەوێت باشترین شتیان پێشکەش بکەم. لە ساڵی ۱۹۹۰ دا لە هیندستان بێجگە لە نوسینگەکەی ئێمە یەك نوسینگەی ئیسلامی نەبوو بە مەرمەڕ ئیتالی ڕازابێتەوە. ئەو کاتە نوسینگەکەمان نزیکەی (۲۰ تا ۲۵ م۲) بوو. تەنها یەك فەرمانبەرمان هەبوو، ئێستا ماشاءاللە زیاتر لە ٤٠٠ فەرمانبەرمان هەیە. بەیارمەتی خوا گەورەترین ڕێکخراوی بانگخوازیە. کاتێك لە قوتابخانە بووم زۆر لە مشتومڕدا زیرەك بووم، تەنها ئامانجم ئەوە بوو سەربکەوم بەسەر ڕکابەرەکانمدا. ئێستا ئامانجەکەم گۆڕیوە، دەمەوێت دین بگەیەنم، دینی حەق، ئەوەش ئەنجامی باشی هەبووە.

کاتێك لەکۆلێژی پزیشکی بووم ٥-٦ کاتژمێر دەخەوتم، ئێستا لەپێناوی خوا تەنها ۳ کاتژمێر دەخەوم. هەمیشە ویستوومە باشترین شت بکەم لە جیهاندا. ماشاءاللە کەناڵی (پیس تی ڤی)



Scanned by CamScanner

بێهاوتـام دامەزرانـد بـۆ بـەراوردکردنی ئاینـەکان. خـوای گـەورە کردوویەتی بە بەناوبانگترین کـەناڵ لـە جیهانـدا، وە زیـاتر لـە ١٠٠ ملیۆن بینەری هەیە...ماشاءالله. دوای دوو ساڵ کەناڵێکی دیکـەمان دامەزراند بەناوی (پیس تـی ڤـی ئـوردو). بەویسـتی خوا بـەنیازین کەناڵی سێهەمیش دابمەزرێنین بە زمـانی بـەنگلا. چونکە ماشـاءالله چەند ملیۆن کەسێك بەزمانی بەنگلا قسەدەکەن بۆیە پێویستیان بە کەناڵێکی لەو شێوەیەیە. من حەزدەکەم بە هـەموو زمانێك کـەناڵی ئیسـلامیمان هـەبێت. هـەروەها سـەرەڕای کـەناڵی تەلـەفزیۆنی حـەزمانکرد شـوێنێك دابمـەزرێنین بـۆ وتنـەوەی وانـە دەربـارەی ئامانجەکانی ژیان، وە بۆ ئەو مەبەسـتە "قوتابخانـەی نێودەوڵـەتی ئیسلامی"مان دامەزراند، مەبەستیشمان تـەنها ڕەزامەنـدی خـوای پەروەردگارە.

کاتێك مەبەستت بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خـوا بێـت، خـوای گەورە لە دونیـا و دواڕۆژدا پاداشـتت دەداتـەوە. منیش بـۆ هـەمان مەبەسـت ئـەو قوتابخانەیـەم دروسـت کـردووە. زیـاتر لـە ٤٠٠



Scanned by CamScanner

قوتابیمان هەیە لە مۆمبای وە نزیکەی ٢٥٠ قوتابیمان هەیە لە چینای. إن شاءالله هەموویان سەد ئەوەندەی "زاکیر نایك" زیاتر زانست و زیانیاری وەردەگرن. ئەوە ویستی خوایە ئەگەر چەند زاکیر نایکێك دروست بکات، بەلاَم من دەمەوێت باشترین زانست و وانە و کەش و هەوایان پێشکەش بکەم سەد ئەوەندە باشتر و زیاتر لە زانستی زاکیر نایك. دەمەوێت نمونەی کوڕەکەی خۆم (فارق نایك)تان بۆ باس بکەم. ئەو چەند ڕۆژێك پێش من وتارێکی پێشکەش کرد.

من عەرەبی وەك زمان نازانم، بەلاَم دەمەوێت زمانی عەرەبی (الفصحی) فێری کوڕەکەم بکەم. کوڕەکەم، ماشاءالله لە سەرەتای دامەزراندنی قوتابخانەکەمانەوە چەندین جار خەلاَتی باشترین یاریزانی تۆپی پێی بەدەستهێناوە، نەك جارێك، نەك دووجار، نەك سێ جار، نەك چوار جار، بەلکو پێنج جار لەسەر یەك. ئەوە زۆر دلخۆشی کردم، لەبەرئەوەی کاتێك خۆم لە قوتابخانە بووم هەمیشە بیرم دەکردەوە و ئامانجم ئەوە بوو پلەی یەکەم و مەدالیای زێڕ

بەدەسـت بهێـنم، وە پـێم بووترێـت: قوتابیـەکی بچـوك مـەدالیای ئالتوونی بەدەستهێنا لە پێشبڕکێی ١٠٠ مەتردا.

بەڵام لە قوتابخانە هیچ مەدالیایەکم وەرنەگرت. کاتێك گەیشتمە کۆلێژ بۆمدەرکەوت کە پالـەوانی گۆڕەپـان و مەیـدانم، وە مـەدالیای زێڕم بەدەستهێنا لە پێشـبڕکێی ١٠ کیلۆمەتریـدا. بـەڵام لەڕاستیدا بۆمدەرکەوت مەدالیای زێڕ بـێ نرخـە. ئاسـاییە، مـەدالیای ئـالتوون چیە؟ ١٠ کیلۆمەتر... ستایشـی خـەڵك... هـیچ گرنگـی نیـە. بـەڵام کاتێك بە شێخ ئەحمەد دیدات سەرسام بووم، ووتم: ئـاه، ئەوە ئەو پیاوەیە! پاشان ئامانجەکـەم گـۆڕی. شـێخ پـێـی ووتم: کـوڕم، من لێکۆڵینەوە و دیراسەی ئاینی مەسیحیەت و ئاینی ئیسلامم کردووە، تۆ لێکۆڵینەوەت لە ئاینەکانی دیکەش کردووە.

مەسیحیەت وەك ئەوە وایە هـەموو شـتێك لـەناو قاپێکدا بێت و لەبەردەستتدا بێـت، شـێخ ئەحمـەد زۆر بەباشـی شیکردووەتەوە و هەموو شتێکی ئامادەکرادووە و لەبەر دەستدایە. ئەگەر کتێبـەکانی دیدات بخوێنیتەوە دەتوانیت تەنانەت ململانێ لەگەڵ پاپادا بکەیت.

لەبەرئەوەبوو من دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لە ئاینی هیندۆسی، سیخی، جاینی و زانستی سەردەم و شتی تریش.

خوای گەورە و میهرەبان بە یارمەتی خۆی ڕێگاکەی بۆ ئاسان کردووین. ماشاءالله کوڕەکەم لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا هەموو قورئانی لەبەرکرد. شێوازێکی بێ وێنەی هەبوو: ڕۆژانە یەک کاتژمێر و هەفتەی پێنج ڕۆژ قورئانی لەبەردەکرد. خەڵکی دەیانووت: زاکیر شێتە! هەموو ڕۆژێك کاتژمێرێك و هەفتەی ٥ ڕۆژ و لە ساڵێکدا ٩ مانگ، شتی وا ناگونجێت. هەموو خوێندکارەکانی قوتابخانەکەی ئێمە لە نێوان دوو ساڵ و نیو بۆ چوار ساڵدا هەموو قورئان لەبەردەکەن، وە کوڕەکەشم یەکێکە لەوان.

هەروەها کوڕەکەم لە تایکواندۆدا پشتێنی ڕەشی هەیە. بەڵام ئەوەی بەڕاستی من دڵخۆش دەکات ئەوەیە کە ئەویش وەك من وتار بۆ خەڵك دەدات. لە تەمەنی ٨ ساڵیدا وتاری کورتی ١٠خولەك– ١٥ خولەکی لەبەردەم ٥٠ هەزار کەس– ١٠٠ هەزار کەسدا پێشکەش دەکرد.



Scanned by CamScanner

یەکەمجار کە من وتارمدا تەمەنم ٢٨ ساڵ بوو، خەڵك پێیان دەووتم: " ئاه، ئەو گەنجە ٢٨ ساڵە، چ هەستێکی هەیە!". شێخ دیدات تەمەنی دەوروبەری نزیکەی ٢٦-٢٧- ٢٨ ساڵ دەبوو وە زۆریش دڵخۆش بوو. کوڕەکەم لە درێژترین وتاریدا، کە زیاتر لە کاتژمێرێك و ١٥ خولەك بوو، ٥٦ ئایەتی قورئان و ٥٢ ئایەتی ئینجیل و ١١ فەرمودەی عەرەبی پێشکەش کرد لەکاتێکدا کە تەمەنی تەنها ١٤ ساڵ بوو، نیوەی تەمەنی من بوو، ئەوە زۆر دڵخۆشی کردم. ئەم ساڵیش[٧] ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو دووبارە وتارێکی پێشکەش کرد، یەکشەمەی داهاتوویش وتارێکی دیکە پێشکەش دەکات.

بابەتی وتارەکەی یەکشەمەی پێشوو بریتی بوو لە (چەمکی خواو هەڵەتێگەیشتن لە ئیسلام). داواکارم لە خوای پەروەردگار ئەم کارانەی لێوەربگرێت. هەمیشە بە کوڕەکەم دەڵێم: خوای

---

٧. بەگوێرەی قسەکانی خۆی وەك لە ڤیدیۆکەدا باسی دەکات، د. زاکیر ئەم وتارەی لە ساڵی ٢٠٠٩دا پێشکەش کردووە، بەڵام ڕۆژ و مانگەکەی بە دیاریکراوی نازانم. (وەرگێڕ)

گەورە نازونیعمەتی زۆری پێ بەخشیویت، جا تۆش پێویستیەکانت کەم بکەرەوە، ڕەنگە سبەینێ ئەو خۆشگوزەرانیەت نەمێنێت. ئامانجی تۆ تەنها بانگخوازییە. وەک خوای گەورە لە قورئاندا لە سورەتی (فصلت: ٣٣) دا دەفەرموێت:﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ٣٣﴾

واتە: کێ وتەی چاکتر و بەجێ ترە لەو کەسەی خەڵک بۆلای خوا بانگ دەکات وە کاری چاکە دەکات و دەڵێت بێگومان من لە پێڕی موسوڵمانانم.

بۆچی ئەمەم ووت؟ لەبیرمە کاتێک هاوسەرەکەمم خواست، پێموت:من دکتۆرم، مانگانە کەمتر لە ١٠٠ دۆلار داهاتم هەیە، ئەگەر دەتەوێت هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت، هاوسەرگیریم لەگەڵ بکە. ئەو مامۆستای زانکۆ بوو وە داهاتی لە من زیاتر بوو، بەڵام دەیویست ببێت بە بانگخواز.

بۆیە هەمیشە بە کوڕەکەم دەڵێم: پێویستیەکانت کەم بکەرەوە، ئەگەر ڕابێیت لەسەر زەوی بنویت، ئەگـەر ڕابێیـت خـۆت ڕووبەڕووی کێشەکانت ببیتەوە، ئەگەر قوربانی بدەیت و بـەردەوام بیت، ئـەو کاتـە ڕێگـای بانگـەوازت بـۆ ئاسـان دەبێـت. بـەڵام ئەگـەر لەسـەر خۆشگوزەرانی ڕابێیت، پاشـان خۆشـگوزەرانیەکەت نـەمێنێت، ئـەو کاتە ناتوانیت وەك بانگخوازێك بەردەوامبیت.

ماشاءالله کوڕەکەم خەوتنی لەسەر زەوی لە خەوتنی لە مۆتێلی حـەوت ئەسـتێرە پـێ خۆشـترە. منداڵـەکانتان هـەر لـە منداڵیـەوە ڕابهێـنن، دەبێـت ڕووبـەڕووی سـەختیەکانی ژیـان ببنـەوە. هـەرگیز کەوچـی زیـوین مەکـەن بـە دەمیانـەوە، دەبیـت لـە بـەکارهێنانی کەوچـكو دەفـری زیـوین دووربکەونـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار.

دەبێـت ئـەوە بزانیـت کـە تـۆ لـە قوناغـە جیاوازەکـانی ژیانـدا بەئاڕاسـتەی ئامانجەکـەت دەڕۆیـت. کاتێـك خوێنـدکاران لـە قوتابخانەکـەی ئێمـە وەردەگیرێـن لێیـان دەپرسـم:" زووتـرین د



Scanned by CamScanner

باشترین کات کەیە کە دەبێت بیر لە داهاتووی منداڵەکەت بکەیتەوە؟" زۆربەیان دەڵێن: کاتێک چووە کۆلێژ. هەندێکیان دەڵێن: کاتێک چووە قوتابخانە. هەندێکی تر دەڵێن: نەخێر..کاتێک چووە باخچەی ساوایان. هیچ یەکێکیان کاتێکی لەمە زووتر ناڵێن.

لە ئیسلامدا زووترین کات کە پێویستە تیایدا بیر لە داهاتووی منداڵەکەت بکەیتەوە، ئەو کاتەیە کە هاوبەشی ژیانت هەڵدەبژێریت. کاتی هەڵبژاردنی هاوژینت ئەو کاتەیە کە داهاتووی منداڵەکەت دیاری دەکەیت. چونکە دایك و باوك باشترین مامۆستان، وە دەبێت پێشتر پلان دابنێین. لە کۆتایدا، دەمەوێت ئامانجی ژیان لە شەش خاڵدا کورت بکەمەوە:

١. کاتێك دەخوێنیت، لە قوتابخانەیەك یان لە کۆلێژێك بخوێنە مەبەستەکانی ئەم دنیا و ئەو دنیات بێنێتەدی. بڕوانامەکانی ئەم دنیا بەتەنها بەس نین، لە قوتابخانەیەك بخوێنە کە سوودی بۆ دنیاو دواڕۆژت هەبێت. بەویستی خوا ئێمە بیرمان لەوە کردووەتەوە کە "قوتابخانەی نێودەوڵەتی ئیسلامی" فراوان بکەین و چەند لقێکی دیکە بکەینەوە.



Scanned by CamScanner

٢. دەبێت هاوڕێیەتی کەسێك بکەیت کە هەمان ئامانجی تۆی هەبێت لە ژیانیدا.

٣. پەیوەندی بکە بە ڕێخراوێکەوە، بەڵام پێش ئەوەی پەیوەندی پێوە بکەیت بزانە ئەو ڕێخراوە پابەندی فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت).

٤. کارێك هەڵبژێرە لە خوا نزیکت بکاتەوە. هیچ کارێك لە گەیاندنی پەیامی خوا باشتر و پیرۆزتر نیە. خوای گەورە لە سورەتی (آل عمران: ١٠٤) دا دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾﴾

واتە: ئەبێ لە ناو ئێوەدا کۆمەڵێك ببێت، بانگەواز بکەن بۆ چاکە، فەرمان بدەن بە هەموو چاکەیەك وە بەرگری بکەن لە هەموو خراپەیەك، ئەوانە خۆیان سەرکەوتوون.

٥. هاوسەرێك هەڵبژێرە هەمان ئامانجی تۆی هەبێت، ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت).



Scanned by CamScanner

٦. قسەکانم بە ئایەتی ژمارە (١٦٢)ی سورەتی (الأنعام) کۆتایی پێدەهێنم: ﴿... إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾

واتە: بێگومان نوێژ و قوربانی و ژیان و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين



Scanned by CamScanner

# ناوەڕۆك



| بابەت | ژمارە |
|---|---|
| پێشەكی | ٣ |
| ئامانجی ژیان | ٥ |
| یەكەم: گۆشەنیگای خوای گەورە | ١٢ |
| دووەم: گۆشەنیگای مرۆڤ | ١٦ |
| تایبەتمەندی مرۆڤ چییە؟ بۆچی خوا ئێمەی دروست كردووە؟ | ٢٧ |
| خوای گەورە مرۆڤەكان بەشێوەی جیاواز تاقیدەكاتەوە | ٣٣ |
| ناوەڕۆك | ٩٦ |





Scanned by CamScanner

# هەگبەی زاکیر نایك




نرخی 2000 دینارە

Scanned by CamScanner